تایبەت بە سەنتەری منالان: مافی بلاوکردنەوەی لە لەیەن سەنتەری منالانەوە پارێزراوە

# چاوپێکەوتنی مالپەری سەنتەری منالان لەگەڵ بەڕێز مامۆستا فایەق سەعید.



فایەق سەعید ساڵی 1960 لە کەرکوک لەدایک بووە، خەریکی کاری پەروەردناسییە لە سوید و چەندین کتابی نوسیوەو چەندینی تریشی لە سویدد و فارسییەوە وەرگێڕاوە.

س.م : پێش ئەوەی بچینە سەر باسی کۆنگرەی پەروەردەیی، پێمان خۆش بوو هەندێك لەگرفتە سەرەکیەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەکوردستاندا دەستنیشان بکەین کەبەهۆیانەوە بیر لەگرتنی کۆنگرەی پەروەردەیی کرایەوە. بەبڕوای بەڕێزتان کێشەو گرفتەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەمڕۆدا کامانەن؟ دەکرێ لە چەندین بارەوە باسی کێشەکان بکەیت وەك باری مێژووی، پەروەردەیی، سایکۆلۆژی، زانستی، کاریگەری میللی و نەتەوایەتی، جیاوازی ڕەگەزی، کاریگەری ئاین لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و.....هتد.

فایەق سەعید: خودی ئەم پرسیارە زۆر بەربلاوەو پێویستی بەیەك کتێب هەیە. من لەچەندین شوێنی دیکەدا ئاماژەم بەو گرفتانە کردووەو چەند ئەڵتەرناتیڤێکی کارکردنی نوێشم خستۆتەروو. هەوڵ دەدەم لێرەشدا باس لەهەندێکیان بکەم.

گرفتی هەراسانکردنی منالان کەبەشێوەیەکی زۆر بێرەحمانە لەشێوەی توندوتیژی، شکانەوە، تەریقکردنەوە، دەستدرێژی سێکسی .... هتد لەئارادایە بەیەکێك لەگرفتە سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردەیی دەژمێردرێت. ئەو ئامارانەی لەلای من هەن نیشانەیەکی ترسناکە بۆ تێکشکانی کەسایەتی خوێندکار. ئەم تێکشکانە بەردەوامی و بەشێوەیەکی نیوچە سیستماتیك لەلایەن قوتابخانەکانەوە دژ بەخوێندکاران پیادە دەکرێن. ئەم هەراسانکردنە بەشێوەی جیاواز و ئامرازی هەمەجۆر پیادە دەکرێن بەبێ ئەوەی تاوەکو ئێستا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بەرنامەیەکی کۆنکرێت بۆ ئەم مەسەلەیە لەئارادا هەبێت. ئەوەی تاوەکو ئێستا هەیە نابێت لەخوێندکار بدرێت، بەڵام چۆن، کەی، چەند جار، ئەڵتەرناتیڤ چیە، میکانیزمی کار چیە .... هتد ئەمانە هیچی روون نین. جگە لەمەش لەمەسەلەی خۆکوژی منالان کەمرۆڤ لەناخەوە دەهەژێنێت تا دێت گەورەتر دەبێتەوە بەڵام لایەنە پەیوەستدارەکان نەکارێکی بۆ دەکەن نەدانیشی پێدادەنێن.

لەلایەکی دیکەشەوە لایەنە پەیوەستدارەکان نەخۆیان هیچ لێکۆڵینەوەیەکی پوختیان ساز کردووەو نەهیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکیشیان لەو بارەیەوە پێخۆشە نیە نەبادا خۆیانی تێدا خەتابار بێت.

لەلایەکی دیکەوە تازەترین شێوازەکانی وانەووتنەوە لەلای ئێمە بۆ حەفتاکان دەگەرێنەوە. گۆڕینی ئەم

شێوازانە زۆر لەگۆرینی مەنهەجەکان گرینگترن. من پێم وایە گۆرینی مەنهەجەکان شتێکی پێویستە بەڵام گۆرینی شێوازەکانی وانەووتنەوە زۆر لەگۆرینی ئەو مەنهەجانە گرینگترە. چونکە شێوازەکانی وانەووتنەوە مرقی نوێت بۆ دروست دەکات، بەڵام مەرج نیە پرۆگرامەکان ئەو کارەت بۆ بکەن. پرۆگرامەکان گرینگن بەڵام ئەگەر ئەو پرۆگرامە تازانە بەدەست مامۆستایەکەوە بێت کەزانستێکی دیداکتیکی تازەیەی پێنەبێت ئەوە سودێکی کەمیان دەبێت.

لایەنێکی دیکە گرفتی گەورەیی پۆلەکانە کەبەهۆی کەمی بینای قوتابخانەکانەوە کار گەشتۆتە ئەوەی هەندێجار 50 خوێندکار لەپۆلێکدا کۆبێتەوە. ئەم فاکتەر بەر لەهەموو کەسێك مامۆستاکانی بێزار کردووەو بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی و بەرزبوونەوەی ئاستی هەراسانکردن. لەلایەکی دیکەوە ئەم گرفتە بۆتە هۆی ئەوەی خوێندکار بەهیچ شێوەیەك ئەو برە زانستە وەرنەگرێت کەپێویستە وەریبگرێت. ئەم گرفتە وای کردووە خوێندکار تەنها سێ کاتژمێر لەقوتابخانە بێت، ئاخر سێ کاتژمێر چۆن بەشی ئەو هەموو زانستە دەکات کەدەبێ خوێندکار وەریبگرێت. ئەمە جگە لەوەی چەندین گرفتی دیکە هەن کەهۆکاری راستەقینەیان بۆ ئەم گرفتە دەگەرێتەوە. ئەم گرفتە مامۆستاکانی بەشێوەیەکی زۆر بێزار کردووە چونکە بەهۆی شەری ناو خوێندکاران و نارەحەتیانەوە مامۆستاکان بێزار بوونەو بۆتە هۆی ئەوەی هەراسانکردن بەرامبەر خوێندکاران پیادە بکەن. ئەم کارەش بۆتە هۆی نارەزایی دایبابەکان لەلایەك و دەزگا پەروەردەییەکانیش لەلایەکی دیکەوە.

من کەمبوونی بینای قوتابخانەکان بەگرفتی گرفتەکانی دەزانم و کاریگەرییەکانیشی بەسەر مامۆستاو خوێندکارەکانەوە زۆر بەروونی دیارن. ساڵانێکی زۆرە ئێمە دەزانین ئەو گرفتە گەورەیەمان هەیەو تا ئەو رادەیەی من ئاگاداربم لێکۆڵینەوەی جیدیمان لەسەر کاریگەری ئەم دیاردەیە نەکردووە. رۆژانە چەندین بینای گەورە بەئاسماندا دەچن بەبێ ئەوەی بەشێکی بەرچاویان قوتابخانەبن.

خاڵێکی دیکە بریتیە لەکۆنی پرۆگرامەکانی خوێندن. ئەم کارە گەشتۆتە ئاستێکی زۆر ترسناك و هەموو کەسێك هەستی پێدەکات. من خوێندکاری هەمەجۆرم بینیوە کەبێزاری خۆیان لەو پرۆگرامانە دەربریوە. مانای نیە تاوەکو ئەم ساتەش کەئێمە بەیەکەوە قسە دەکەین تێکستی وا لەقوتابخانەکانی کوردستاندا بخوێندرێت کەستایشی عەرەبە شۆڤینیەکان و بەعس و ئاڵاو سیماکانی بەعس بکات. لەلایەکی دیکەوە بابەتە زانسیتیەکان لەکۆنیدا خوێندکارەکان ئارەزووی تەماشاکردنیان نیە. لایەنە بەرپرسەکان تا گرتنی کۆنگرەش بانگەشەی گۆرانی گەورەیان دەکرد بەڵام تاوەکو ئێستاش میکانیزمێکی مۆدێرنیان بۆ گۆرینی ئەو پرۆگرامانە بەدەستەوە نیە. بەڵام هەندێگ لەو پرۆگرامانەیان داوەتە هەندێك کۆمپانیای بیانی چونکە تواناکانی ناوخۆ توانای ئەو کارەیان نیە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی باشە بەڵام دەبێ ستروکتورێکی هەمیشەیی بۆ ئەو کارە پەیدا بکەین.

خاڵێکی دیکە ئەو ئاستە نزمە بوو کەمامۆستاو بەرێوبەرو کادیرە ئیدارییەکان هەیانبوو. ئەوەی هەیە بەرێوبەرەکان تاوەکو ئێستاش لەسەر بنەمای حیزبی بوون دادەمەزرێن نەك لەسەر بنەمای تواناو لیاقەتی ئەوان. پۆستی بەرێوبەر بۆ خۆی پۆستێکی یەکجار گرینگەو بەهۆی حیزبی بوونی بەرێوبەرەکان پرۆسەی پەروەردەیی لەقوتابخانەکاندا بەزۆری پەکی کەوتووە. مامۆستاکانیش لەئاستێکی پەروەردەیی و زانستی و دیداکتیکی زۆر نزمدان. وەزارەتی پەروەردە لەهەموو لایەکەوە فرمانیان بۆ دەردەکات بەبێ ئەوەی بەو زانستانە پێیان بگەیەنێت کەپێویستیان پێی هەیە. من دیدارم لەگەڵ زۆر مامۆستادا کردووە کەپوختەی پەیام و گلەیەکانیان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەوەزارەتی پەروەردە هیچ جۆرە ئەلتەرناتیڤێکیان ناداتێ، تەنها ئەوە نەبێت دەیەوێ ئەم یا ئەو کارە بکەن و کاتێکیش دەیکەن دەڵێن ئەمە هەڵەیە. بۆیە پێگەیاندنی مامۆستاو بەرێوبەکان سەنگی مەحەکە لەهەر گۆرانکارییەکدا.

خاڵێکی دیکەش پیوەندییەکی راستەوخۆی بەبەژێوی مامۆستاو بەرێوبەرەکانەوە هەیە. هیچ مانایەکی تێدا نیە ئەو کادیرانە دوای قوتابخانە تەکسی لێبخورن یا هەر کارێکی دەکە بکەن. ئەم کادیرانە بەبەردەوامی گلەیی لەبژێوی خۆیان دەکەن و داوای بەرزکردنەوەی موچەکانیان دەکەن. راستە ئەوان قسە زۆر دەکەن بەڵام زۆر خەمساردیش بوون لەدەرخستنی کێشەکانی خۆیاندا. مامۆستاکان بەناچاری لەدوو رێکخراوی حیزبیدا رێك خرابوون کەزۆر بەسستی داکۆکیان لەبژێوی مامۆستاکان دەکرد. ئەم دوو رێکخراوە هەنگاوێك

نانێن کەدڵی حیزبەکانی خۆیان تورە بکات. تاوەکو ئێستاش مامۆستاکان لەوەدا سەرکەوتوو نەبوون خۆیان لەڕێکخراوێکی بێلایەندا ڕێك بخەن.
ئەزموومەنەکان گرفتێکی دیکە بوو کەپێم وایە تاوەکو ئێستاش ئێمە تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەمان لەبارەیانەوە هەیە. بەشێوەیەکی دی ئێمە تەنها لەیەك لەلایەنی ئەزموونەکان تێدەگەین. سیستمی پەروەردەیی ئێمە زۆر لەوەدا کۆڵەوارە کەچۆن ئەوە بزانێت خوێندکارێکی دیاریکراو لەبابەتێکی دیاریکراو تێگەیشتووە یا نا. چارەسەری ئێمە بۆ ئەم حاڵەتە تەنها ئەوەیە لەرێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەوەکانەوە دەکرێ دەرك بەو تێگەیشتنە بکەین. سیستمی پەروەردەیی ئێمە تا ئێستا دەستی نەگەشتۆتە ئەو ئامرازنەی دیکەو بەرچاوی رۆشن نیە کەجگە لەتاقیکردنەوە چەندین شێوازی دیکەش بۆ دەرککردن بەئاستی خوێندکاران لەئارادا هەیە. لەلایەکی دیکەوە بەشی هەرە زۆری مامۆستاکان لەهێنانەوەی پرسیاری قورسدا داهێنانی گەورە دەکەن. بۆ نموونە بەشێك لەپرسیارەکان هێندە گشتگیرن پەیوەندییان بەناوەرۆکی تەواوی کتێبەکەوە هەیە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەدەیانەوێ لەرێگەی پرسیارەکانەوە بگەنە ئەوەی خوێندکار تەواوی کتێبەکەی خوێندووە یا نا. ئەم گرفتە ئاڵۆزییەکی گەورەی بۆ ناوەندی خوێندکاری دروست کردووە. مامۆستاکان پێویستیان بەوە هەیە کەشارەزای شێوازەکانی دیکەی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران ببن بۆ ئەوەی قورسایی خۆیان تەنها نەخەنە سەر ئەزموونەکان.
بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرفتی پەروەردەییمان هەیە کەپێویستیان بەگۆرانکاری هەیە چونکە ئەم سیستمەی ئەمرۆ کاری پێدەکەین وەکو تەلەفزیۆنی رەش و سپی وایە. ئایا ئێمە دەتوانین مناڵەکانمان ناچار بکەین تەماشای تەلەفزیۆنی رەش و سپر بکەن لەکاتێکدا تەلەفزیۆنی رەنگاورەنگ هەیە؟
لەلایەکی دیکەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە هەرچی کەسێك هەیە رەخنەی توند لەسیستمی پەروەردەیی دەگرێت بەبێ ئەوەی لایەنی پەیوەست ئاورێك لەو رەخنانە یا توانای چاکسازی هەبێت. بەشێك لەوانە پەیوەندییان بەدابەزینی ئاستی زانستی خوێندکارانەوە هەیە. لەم بوارەدا هەرچی بەرێوبەرە گشتیەکانن ویستوویانە خەڵك گومرا بکەن بەوەی کاتێك مرۆڤ بەراوردی رێژەی دەرچوونی ئەم چەند ساڵەی دواییە لەگەڵ رابردودا دەکات ئەوە جیاوازییەکی گەورە نابینێت. ئەم جۆرە تێروانینە ئەوروپیەکان لەسەدەکانی ناوەراستدا وەکو پێوەرێك بۆ ئاستی قوتابخانەکان بەکاریان دەهێنا. ئەم رەخنانە باسیان لەزۆر لایەنی پرۆسەی پەروەردە دەکرد چونکە ئەمرۆ نەك هەر پسپۆرەکان بەڵکو هەموو کەسێك و تانەت خودی خوێندکارانیش هەست بەوە دەکەن سەرجەمی بوارەکانی پەروەردە پێویستی بەگۆران هەیە.
لەبواری رەخنەگرتندا رێکخراوە خوێندکارییەکان هێرشێکی بەردەوام بۆ سەر سیستمی پەروەردەیی دەبەن و بەتایبەت لەبواری هەراسانکردن و پێشێلکردنی مافی خوێندکاراندا. لەم بوارەشدا ناکرێ ئاماژە بەهەوڵی ئەو رێکخراوانە نەدرێت بەتایبەت ئێستا هەندێکیان میدیای خۆیان هەیە. هەر لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بەدوو رێکخراوی سەرەکی بکەین (یەکێتی قوتابیانی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکاران) کەدەستیان بەسەر ئەو بوارەدا گرتووەو خوێندکاران بەپاشکۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی دەزانن. لەراپۆرتی لیژنەکانی کۆنگرە ئەوە روون کراوەتەوە تەنها 28% ی خوێندکاران بەشێوەیەکی زۆر پۆزەتیڤ دەروانەنە ئەو دوو رێکخراوە حیزبیە.
گرفتێکی دیکە بریتی بوو لەو دەنگانەی تەنگیان بەوەزارەتی پەروەردە هەڵچنیبوو لەپێناوی گۆرینی ئەم سیستمەدا. ئەم گروپە لەهەموو شوێنێکدا هێرشیان دەکردە سەر کارەکانی وەزراەتی پەروەردە. ئەم رەخنانە زۆر جار جەرگبڕ بوون. ئەم هێرشە حکومەتی بێزار کردبوو تا کار گەشتە ئەوەی نۆرەی بواری پەروەردە هات بۆ ئەوەی دەستێکی پێدا بهێنرێت. چونکە لەوڵاتی ئێمەدا حکومەت پێش رووداوەکان ناکەوێت و دەست بەگۆرانکارییەکان بکات، بەڵکو جاوەرێ دەکات تا گرفتەکان زۆر زەق ببنەوەو هاوڵاتیان کاری بەجێ و نابەجێ بکەن ئەوجا حکومەت ئاوریان لێدەداتەوە.

س.م :ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین بەرێزتان سەبارەت بەکێشە پەروەردەییەکان چەندین باس و لێکۆڵینەوەتان پێشنیار کردووە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە بەرێزتان چ وەك مامۆستایەك و چ وەك نوسەرێك پێشنیار و ئەلتەرناتیڤتان بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی لای سەرەوە چییە؟
فایەق سەعید: وەك دەسپێك مەرج نیە من چارەسەرو ئەلتەرناتیڤم بۆ هەموو گرفتەکان هەبێت. بەڵام

ئەوەی سەرنجی بابەتەکانی منی دابێت زۆربەی جارەکان هەوڵی ئەوەمداوە چەند ئەڵتەرناتیڤێکی کارکردن بخەمەروو، ئەمە جگە لەوەی هەندێ جار بەنووسین لایەنە بەرپرسەکانم لەو گرفتانە ئاگادار کردۆتەوەو ئەڵتەرناتیڤەکانی خۆم بۆیان خستۆتەروو. لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەچەند چارەسەرێك دەکەم.
بەنیسبەت هەراسانکردنی منالانەوە کەیەکێکە لەبابەتە هەرە گرینگەکانی رۆژ من دواتر بەدورودرێژی لەسەری رادەوەستم.
لایەنی دیداکتیکی قوتابخانەکانی کوردستان زۆر کارەسات ئامێزە. سەرجەمی شێوازەکانی وانەووتنەوە لەباشترین حاڵەتدا پێ نانێنە ناو سەرەتای هەشتاکانەوە. من پێم وایە ئەمە پێویستی بەدەزگایەکی تایبەت هەیە کەلەرێگەیەوە خولی بەردەوام بۆ مامۆستاکان بکرێتەوە بۆ فێربوونی ئەو شێوازە تازانەی ئەمرۆ بەکار دێن. گرفتی سەرجەم خولەکانی کوردستان ئەوەیە ئەو کادیرە ناوخۆیانە وانەی تێدا دەڵێنەوە کەبەهیچ شێوەیەك ئاگاداری شتە نوێکانی جیهان نین. پێویستە کەسانێکی شارەزا بۆ ئەو خولانە پەیدا بکرێت و لەشێوەی وۆرکشۆپی بەردەوامدا کار لەگەڵ مامۆستاکاندا بکرێت. لەلایەکی دیکەوە کاتێك مەنهەجەکان دەنووسرێنەوە بەهیچ شێوەیەك رەچاوی زانستی دیداکتیك ناکرێت و بیر لەوەش ناکرێتەوە چۆن مامۆستاکان ئەو مادەیە بڵێنەوە. من بەپێویستی دەزانم لەکاتی دارشتنی بابەتی کتێبەکاندا پەروەردەناسێکی شارەزا لەزانستی وانەووتنەوەدا هاوبەشی ئەو کارە بکات بۆ ئەوەی ئەو کتێبە پوخت بێت. بەتەماشاکردنێکی کتێبە مەنهەجیەکانی ئەمرۆ زۆر بەئاسانی دەتوانیت پەنجە لەسەر ئەوە دابنێیت کەبەهیچ شێوەیەك لەنووسینەوەیاندا رەچاوی مەرجە دیداکتیکیەکان نەکراوە.
هەموومان دەزانین نەبوونی بینای تەواو بۆ قوتابخانەکان گرفتی زۆری بۆ دروستکردووین. بەڵام ئەم گرفتە لەبنەڕەتدا گرفتی وەزارەتی پلاندانانە نەك وەزارەتی پەروەردە. بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی واقیعیانە تەماشای ئەم گرفتە بکەین دەگەینە ئەو سەرئەنجامەی کەلەتوانای حکومەتدا نیە هەموو ئەو بینایانە بەیەکجار دروست بکات، بەڵام دەبێ حکومەت لەرێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە پلانێکیمان بخاتە بەردەست بۆ ئەوەی بزانین ساڵانە چەند بینا دروست دەکات و کەی ئەم گرفتە کۆتایی پێدێت.
یەکێك لەو پێشنیارانەی من ئەوەیە کەسەرۆکی حکومەت خۆی بانگی دەوڵەمەندەکانی کوردستان بکات و داوای ئەوەیان لێبکات هەر دەوڵەمەندێك قوتابخانەیەك دروست بکات و ناوی قوتابخانەکانیش بەناوی ئەوانەوە بێت. دیداری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ئەو دەوڵەمەندانەدا جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی حکومەت تەنها لەتەلەفیزیۆنەوە پێیان بلێت فەرموون قوتابخانەمان بۆ دروست بکەن. من سازدانی ئەو دیدارە بەگرینگ دەزانم چونکە لەوانەیە لەو دیدارەدا ئەوان داوای ئەوە لەسەرۆکی حکومەت بکەن کەهەندێ بەڵێنیان پێبدات و لەهەندێ بواردا یارمەتیان بدات، بۆنموونە لەوەرگرتنی باج، پێدانی مقاوەلات، رەخساندنی کەرەسەکانی کار بەنرخێکی هەرزانتر، هێنان و بردنی هەندێ کەرەسە لەدەرەوەی کوردستان ... هتد. من پێم وایە حکومەت لەم بوارەدا دەتوانێت بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر دەوڵەمەندەکان رابکێشێتە ناو ئەم پرۆژەیەوە. ئەگەر ئەمەش ناکرێت هەر چوار دەوڵەمەندێك بەیەکەوە با قوتابخانەیەك دروست بکەن. ئەگەر نا حکومەت دەتوانێت بەهاوبەشی لەگەڵ ئەواندا قوتابخانە دروست بکات، بەم شێوەیە حکومەت لەبری ئەوەی بەتەنیا خۆی سەد قوتابخانە دروست بکات ئەو کاتە دەتوانێت دووسەد دروست بکات. ماوەیەك لەهەولێر ئەوە هەبوو هەر کەسێك مزگەوتێك دروست بکات حکومەت لەباجەکانی خۆش دەبێت. حکومەت ئێستا دەتوانێت ئەو مزگەوتە بگۆرێت بۆ قوتابخانە. برگەیەکی یاسای وەبەرهێنانی کوردستان باس لەوەبەرهێنان دەکات لەبواری پەروەردەدا. ئەم برگەیە دەتوانێت بەشێك لەگرفتەکانمان کەمبکاتەوە. من پێشنیاری ئەوە دەکەم کەحکومەت بەشێوەیەکی جیدی داوا لەکەرتی تایبەت بکات کەبینای قوتابخانە دروست بکەن و دواتر وەزارەتی پەروەردە بەکرێیان بگرێت.
پێشنیارێکی دیکەم بۆ حکومەت ئەوەیە کەهەولی دروستکردنی قوتابخانەی دار بدەن (کەرەڤان).
قوتابخانەی دار بەبەراورد لەگەڵ ئەو قوتابخانانەدا کەبەبەردو چیمەنتۆ دروست دەکرێن دوو خاڵی پۆزەتیڤی تێدایە، یەکەمیان ئەوەیە پارەیەکی زۆر کەمی تێدەچێت. بەشێوەیەکی دی بەپارەی یەك قوتابخانەی ئاسایی دەتوانین بیست قوتابخانەی دار دروست بکەین. دووەمیان ئەوەیە کەرەڤان بەماوەیەکی یەکجار کورت تەواو دەبێت. پێشنیارێکی دیکە ئەوەیە لەناو هەر قوتابخانەیەکی ئێستادا دەتوانین چەن

پۆلێکی نوێ لەدار دروست بکەین، بەمەش دەتوانین ژمارەی خوێندکارەکانی ناو پۆلەکانی ئێستامان کەم بکەینەوە. لەلایەکی دیکەوە حکومەت دەبێ لەگەڵ ئەو وڵات و ڕێکخراوە بیانیانەدا (بۆ نموونە یۆنسکۆ، یۆنسێف، یەکێتی ئەوروپاو وڵاتانی هێزە فرە ڕەگەزەکان) کەبڕیاریان داوە یارمەتی کوردستان بدەن هەوڵی ئەوە بدات کەدروستکردنی قوتابخانە بەشێك بێت لەیارمەتی ئەو وڵات و ڕێکخراوانە. دەشکرێ سەرجەمی ئەم پێشنیارانە لەیەك کاتدا کاریان پێبکرێت.

من ئەو کارە بەشێوەیەکی ڕێژەیی باس دەکەم بەڵام لەوەش بەئاگام کەچەند ژمارەی قوتابخانەکان زیادی کردووە چەندین بەرابەریش ژمارەی خوێندکاران زیادیان کردووە. بۆ ئەوەی مرۆڤ واقیعبینانە قسە بکات دەبێ چاوێکیش بەو ئامارانەدا بگێرین کەوەزارەتی پەروەردە ئامادەی کردووە. لەنێوان 1995- 2007 دا ژمارەی قوتابخانەکان لەسەرجەمی قۆناغەکاندا لە 2093 بەرزبۆتەوە بۆ 5069 قوتابخانە.بەڵام لەهەمان ماوەدا ژمارەی خوێندکاران لە 509884 وە بەرزبۆتەوە بۆ 1193968. واتە لەو ماوەیەدا نزیکەی 3000 قوتابخانە دروستکراوە بەرامبەر بەزیادبوونی نزیکەی نیو ملیۆن خوێندکار. هەر لەم بوارەدا دەکرێ بڵێین بەشی هەر مامۆستایەك لەخوێندکاران بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ لە 18 خوێندکارەوە دابەزیوە بۆ 16 خوێندکار.لەهەمان ماوەشدا تێکڕای ژمارەی خوێندکاران بۆهەر قوتابخانەیەك لە 243 وە دابەزیوە بۆ 235 خوێندکار.

ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کەئێمە زیاتر قوتابخانەی بچوك و مامناوەندیمان دروست کردووە. بەڵام ئێمە دەتوانین هەندێ قوتابخانەی گەورەش دروست بۆ ئەوەی یەك دەوامی بێت. باشی ئەمە لەوەدایە ئێمە دەتوانی سەعاتەکانی کار درێژ بکەینەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران فریای ئەوە بکەون کەزانستی پێویست وەربگرن. یەکێك لەو بەهانانەی بۆ درێژ نەکردنەوەی دەوامی قوتابخانەکان دەهێنرێتەوە ئەوەیە کەقوتابخانەکان دوو یا سێ دەوامی تێدا دەکرێت. بەڵام کەمن تەماشای ئامارەکان دەکەم دەبینم 70% ی قوتابخانەکان تەنها یەك دەوامیان تێدایە بەرانبەر بە 25% کەدوو دەوامیان تێدایە.

لەلایەنی ئامادەکردنی مامۆستاو بەرێوبەرەکانەوە من پێم باشە دەزگایەك دابمەزرێت کاری پێگەیاندنی ئەو کادیرانە بێت چونکە من پێم وایە تەواوی ئەو کادیرانە کەبڕیارەی پشتی پەروەردەیە لەزانستی نوێ بێبەشن. دووبارەی دەکەمەوە دەبێ ئەو کەسانەی سەرپەرشتی ئەم دەزگایە دەکەن بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندییەکی باشیان بەدەرەوەی کوردستانەوە هەبێت ئەگەر نا لەنێو بازنەی شتە کۆنەکاندا دەخولێنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەرکی سەرەکی سەرشانی پەیمانگاو خانەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان ئەوەیە کەزۆر بەجیدی دەستێك بەشێوازی کارکردن و پرۆگرامەکانی خۆیاندا بهێننەوە. دەبێ پرۆگرامەکان لەسەر بنەمای شارەزابوون لەفیکری پەروەردەیی دابنرێت چونکە بەبێ ئەو شارەزابوونە مەحاڵە هەنگاوی تۆکمە بێتە ئاراوە. بەشێوەیەکی دی ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستاو بەهەمان کادیرو بەهەمان زانستی ئێستاوە کارەکانمان بەرێوە بەرێن ئەوە نابێ چاوەرێی گۆرینی ئاستی مامۆستاکان بین. ئەگەر لەمەشدا سەرکەوتوو نەبین ئەوە کەسمان نیە ئاستی خوێندکارەکانمان بەرز بکاتەوە.

بەنیسبەتە ئەزموونەکانەوە ئێمە پێویستمان بەگۆرینیان هەیە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستمان بەگۆرینی شێوازەکانی کارکردنی خۆمان هەیە. چونکە شارەزابوون لەشێوازە نوێکانی هەڵسەنگاندنی خوێندکاران پێویستیان بەگۆرینی شێوازەکانی وانەووتنەوەی مامۆستاکانەوە هەیە. بۆ نموونە هەرکات هەندێك لەو شێوازانەمان پیادەکرد کەلەخوارەوە باسی دەکەم ئەو کات مامۆستا بەبێ ئەوەی تاقیکردنەوەیەکی کلاسیکی خوێندکارەکانی بکات بەئاسانی دەتوانێت ئاستیان هەڵبسەنگێنێت. تەماشاکردنی ئەو کارانەی خوێندکاران دەیکەن، چ لەشێوەی گروپداو چ لەشێوەی راپۆرت نووسیندا نیشانەیەکی باشە بۆ دەرخستنی ئاستی ئەو خوێندکارانە. رەنگە هەندێك جار لەناو پۆلەکاندا گفتوگۆ لەسەر بابەتێك بکرێت. لەو گفتوگۆیانەدا مامۆستا بەئاسانی دەتوانێ ئاستی خوێندکارەکانی خۆی بۆ دەردەکەوێت ئیدی پێویستی بەوە نیە تاقیکردنەوەیەکی کلاسیکی بکات.

لەلایەکی دیکەوە شێوازی ئەزموونە گەورەکانی سەری ساڵ و نیو ساڵ و ئەزموونە سەرتاسەرییەکان تا ئەو رادەیە خۆمان پێیانەوە خەریك کردووەو کەبوونەتە مایەی ترسێکی گەورە بۆ خوێندکارەکانمان. بەراستی ئێمە عاشقی تاقیکردنەوەین. من تاقیکردنەوەکانی نیو ساڵ بەهیچ شێوەیەك بەپێویست نازانم، یا ئەگەر

بشکرێت ئەوە پێویستی ئەوە نیە ئێمە تەواوی قوتابخانەیەك لەیەك كاتدا كۆبكەینەوە بۆ ئەوەی ئەو تاقیكردنەوەیە ئەنجام بدەن. لەبری ئەمە هەموو مامۆستایەك دەتوانێ لەناو پۆلەكەی خۆیدا وەكو هەر تاقیكردنەوەیەكی ئاسایی ئەنجامی بدات.
من پێم باشە هەموو جۆرە تاقیكردنەوەیەك لەپۆلەكانی 1-3 لاببرێت. بەشێوەیەكی دی دەرچواندنی هەموو خوێندكارانی ئەو پۆلانە ببێتە باو. بەڵام لەكۆتایی پۆلی سێیەمدا قوتابخانەكان دەتوانین ئاستی ئەو خوێندكارانە هەڵبسەنگێنن كەنەیانتوانیوە زانستی پێویست فێرببن و مەترسیەكی گەورە هەیە لەوەی كەنەتوانن بەئاسانی پۆلی چوارەم ببڕن.
تا ئەو كاتەی تاقیكردنەوەكانی بەكەلۆری هەڵدەگیرێت وا باشترە ئاسانكارییەكی زۆر لەپێشمەرجەكانی چوونە ناو ئەو تاقیكردنەوانەدا بكرێت یا هەر بەتەواوی هەڵگیرێت. لەبری ئەوەی هەموو ژیان و داهاتووی خوێندكارێك بەیەك تاقە تاقیكردنەوەو ببسترێتەوە من پێشنیاری ئەوە دەكەم كەسەرجەمی ئەو نمرانەی خوێندكار لەهەر سێ پۆلەكەی قۆناغی ئامادەیی وەریدەگرێت بۆ وەرگرتن لەزانكۆو پەیمانگاكاندا حیسابی بۆ بكرێت. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر تاقیكردنەوەكانی بەكەلۆری لاببەین ئەی خوێندكار لەسەر چ دەرەجەیەك لەزانكۆ وەربگیرێت؟
ئێستا لەكۆتایی پۆلی چوارەمی ئامادەییدا هەموو خوێندكارێك بۆ هەر وانەیە دەرەجەیەكی هەیە. ئەم كارە لەپۆلی پێنجەمی ئامادەییشدا هەر وایە. من پێشنیاری ئەوە دەكەم كەتاقیكردنەوەكانی پۆلی شەشەمی ئامادەییش وەكو پۆلی چوارەم و پێنجەم بێت، واتە خوێندكار لەكۆتایی ساڵدا بۆ هەر وانەیەك دەرەجەیەكی كۆتایی هەبێ. ئێمە دواتر دەتوانین دەرەجەكانی هەر سێ پۆلەكە وەربگرین و دابەشی سێی بكەین بۆ ئەوەی موعەدەلێكمان هەبێت كەببێتە بنەما بۆ وەرگرتن لەزانكۆكاندا. بۆ نموونە ئەگەر دەرەجەی كۆتایی بیركاری لەپۆلی چوارەمدا 80 بوو، لەپۆلی پێنجەمدا 70 بوو، لەپۆلی شەشەمدا 60 بوو، ئەوە كۆكردنەوەی ئەم سێ دەرەجەیەو دابەشكردنیان بەسەر سێدا دەمانگەیەنێتە ئەوەی ئەم خوێندكارە لەبیركاریدا دەرەجەكەی دەبێتە 70 . ئەمە دەرەجەیە شوێنی ئەو دەرەجەیە دەگرێتەوە كەخوێندكار جاران لەتاقیكردنەوەی بكەلۆریدا دەیهێنایەوە.
كەواتە خوێندكار بەناچاری هەوڵی ئەوە دەدات لەهەموو قۆناغی ئامادەییدا زیرەك بێت چونكە هەموو پۆلەكانی ئامادەیی رۆڵ لەدەرەجەی كۆتاییدا دەبینن. ئەمە تەنها نموونەیەكە، بەڵام ئێمە دەشتوانین ئەو 100 دەرەجەیەی خوێندكار هەیە بەشێوەیەكی رێژەیی بەسەر هەر سێ پۆلەكەدا دابەشی بكەین.
من پێم وایە پیادەكردنی سیستمێكی لەم بابەتە بۆ هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەییش جگە لەوەی لەسیستمی جیهانی نزیكمان دەكاتەوە، زیاتر لەسودێكی هەیە. بۆ نموونە سازدانی ئەو تاقیكردنەوانە كاتێكی زۆر دەبات و پارەیەكی زۆریشی تێدەچێت. دەكرێ ئەو پارانە بۆ خودی قوتابخانەكان خەرج بكرێن. لەلایەكی دیكەوە دەرەجە دانان لەسەر تاقیكردنەوەكانی بەكەلۆری زۆر ناعادیلانەیەو ئێمە لەبەرنامەی چاوی سێیەمەوە ئەوەمان بینی چۆن بەشێك لەو مامۆستایانە دەیانووت لەباشترین حاڵەتدا هەموو دەفتەرێك یەك دەقیقە كەمتری بەر دەكەوێت.
خوێندكار یەكجار زۆر ماندوو دەبێت و ئەنجامەكەشی ئەوەیە خوێندكارەكانی ئێمە بەرەو دواوە دەچن و سیستمی پەروەردەیی ئێمەش بەهەمان شێوە. سەرتاپای ژیان و چارەنووسی مرۆڤێك لەسێ سەعاتی بەكەلۆری چلەی هاویندا كورت دەكەینەوە. ئەم سێ سەعاتە بڕیاری داهاتووی ئەو مرۆڤە دەدات، ئەمەش غەدرێكی گەورەیە.
باشی ئەم سیستمە لەوەدایە لەبری یەك تاقیكردنەوەی بەكەلۆری خوێندكار لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا چەندین تاقیكردنەوە ئەنجام دەدات كەهەموویان رۆڵیان لەنمرەی كۆتاییدا هەیە. ئەمەش ئەو كارتە لەدەستی خوێندكاران دەدەهێنێت كەئەوان زیرەكن و لەكاتی تاقیكردنەوەی بەكەلۆریدا گرفتیان هەبووە. لەلایەكی دیكەوە سیستمی پەروەردەیی ژیانی خوێندكارێك ناخاتە مەترسیەوە بەوەی سەرجەمی ژیان و داهاتووی بەیەك تاقیكردنەوە ببەستێتەوە كەلەچلەی هاویندا ئەنجام دەدرێت. بەشێوەیەكی دیكە بەدەست نەهێنانی نمرەیەكی بەرز پەیوەندی بەو هەوڵ و كۆششەوە هەیە كەخوێندكار لەماوەی سێ ساڵدا دەیدات (نەك لەماوەی یەك مانگدا). رەنگە ئەم سیستمە هەندێك نیگەرانی بخاتەوە بەوەی دەكرێ هەندێك

خوێندکار بەهۆی واستە یا هەر شتێکی دیکەوە نمرەی بەرز بەدەست بێنن. من پێم وایە لەلایەك سیستمی پەروەردەیی دەتوانێت بەهۆی هەندێ بڕیارەوە بەربەست لەبەردەم دیاردەیەکی لەم جۆرەدا دابنێت، لەلایەکی دیکەشەوە هێندە ئاسان نیە خوێندکارێك لەو هەموو تاقیکردنەوانەی قۆناغی ئامادەییدا بتوانێت فرت و فێڵ بکات.

بەنیسبەت پرۆگرانەکانی خوێندنەوە من بڕوام بەوە نیە وەزارەتی پەروەردە لەم قۆناغەدا بتوانێت خۆی گرفتی مەنهەجەکان بەتەنیا چارەسەر بکات. وەزارەتی پەروەردە ئێستا خۆشی گەشتۆتە ئەو بڕوایەی ناکرێ بەپشت بەستن بەتواناکانی ناوخۆ هەموو مەنهەجەکان بگۆردێن. بۆیە ئێستا گۆڕینی هیچ نەبێت بەشێکی مەنهەجەکانی بەهەندێ کۆمپانیای بێگانە سپاردووە. من ئەم هەنگاوە بەکارێکی پۆزەتیف لەقەڵەم دەدەم، بەڵام بۆ گۆڕینی و ئەکتیڤکردنی تەواوی مەنهەجەکانی خوێندن چارەسەری من ئەوەیە کەدەبێ زۆر لایەنی تایبەتی دیکە تێکەڵ بەنووسینەوەی مەنهەجەکان بکرێن. ئەم کارەش دەبێ بەسەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردە بکرێت، بەڵام وەزارەت ناتوانێت ئەم کارە بکات تا دوو پلانی لەدوای یەك دانەنێت. یەکەمیان پلانێکی بەرفراوانی خوێندن یا فێرکردن یا فێرکاری Curriculum و دووەمیش لەبەر رۆشنایی ئەو پلانە دەتوانرێت پلانێکی تایبەت بۆ هەموو وانەکان دابڕێژرێت. هەر کات ئەم دوو پلانەمکان دانا ئەوە دەتوانین لەبەر رۆشناییاندا بۆ هەر وانەیەك چەندین کتێب بنووسینەوە. بەدەر لەمەش ئەو دوو پلانە ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کەچی لەو کتێبانەدا بنووسین. من دەزانم باسکردنی ئەم دوو پلانە بۆ رۆژی ئەمرۆ لەوانەیە کەمێك تەمومژاوی بێت بۆ ئێمە چونکە تاوەکو ئێستا یەك تاقە کەسیش باسی لەپلانێکی لەم بابەتە نەکردووە چونکە لەدەرەوەی بازنەی ئەو زانستەن کەتاوەکو ئەمرۆ لەکوردستاندا هەیە.

س.م :نووسینەوەی ئەم دوو پلانە لەچ روویەکەوە پەیوەندییان بەگۆڕینی مەنهەجەکانەوە هەیە؟

فایەق سەعید: نەك هەر گۆڕینی مەنهەجەکان بەڵکو من یەکەم بیر لەدووبارە نووسینەوەی مەنهەجەکانیش دەکەمەوەو دووەم بیر لەوەش دەکەمەوە کەچۆن بتوانین لەلایەك لەدیکتاتۆریەتی یەك کتێبی رزگارمان ببێت و لەلایەکی دیکەشەوە هەنگاوێك لەسیستمی پەروەردەیی جیهانی پێشکەوتوو نزیك بینەوە.

بەشێوەیەکی روونتر من بیر لەوە دەکەمەوە کەبازارێکی بەرفراوان بۆ نووسینی مەنهەجەکان بکەمەوە کەزۆرێك لەپەروەردەناس و نووسەرەکان بەشداری تێدا بکەن. ئێمە ئەگەر پلانی فێرکاریمان هەبوو ئەوە دەتوانین هێڵە گشتیەکانی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن و تێڕوانینیەکانی سیستمی پەروەردەیی کوردستان لەو پلانەدا بنووسینەوە. ئەرکی ئێمە لەپلانی دووەمدا ئەوەیە چی شتێك لەوانەیەکی دیاریکراودا دەبێ بخوێندرێت. بۆ نموونە ئێستا کەس نازانێت کێ بڕیاری ئەوەی داوە لەوانەیەی بیرکاری یا کۆمەڵایەتی پۆلێکی دیاریکراودا چی بخوێندرێت و هۆکارەکانی بڕیارێکی لەم بابەتەش چیە. ئەڵبەتە من ترسی ئەوەشم نیە ئەم بابەتە لەدەست دەربچێت چونکە کاتێکی زۆرمان بەدەستەوەویەو هەموو کارەکانیش لەژێر دەستی وەزارەتی پەروەردەدایە.

س.م :بەرێزتان یەکێك بوون لەو کەسانەی کەبۆ کۆنگرەی پەرەوەردەیی کە لەرۆژانی 22 تا 25 ئاياری 2007 لە هەولێر بەسترا بانگهێشت کرابوون، دەتوانی لەچۆنێتی بەشدار بوونت لەم بارەوە بۆمان بدوێی؟

فایەق سەعید: من بەر لەکۆنگرەش چەند پێشنیارو پرۆژەیەکم بۆ وەزارەتی پەروەردە ناردبوو بەتایبەت لەبواری ئەزموونەکان و راگرتنی هەراسانکردنی خوێندکاران. لەلایەکی دیکەوە ماوەیەکی زۆر بوو خەریکی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بووم لەسەر مەسەلەی هەراسانکردنی منالان، کەبەبەشداری 1000 منال و 250 مامۆستا لەشارەکانی کەرکووك و هەولێرو سلێمانی ئەنجامم درابوو. من پێم باش بوو ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەش بەکۆنگرە بکەم بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای هەر بڕیارێك بۆ راگرتنی هەراسانکردنی منالان. من هەراسانکردنم وەکو جەمکێکی جیهانی بەکار هێنابوو کەبریتیە لەئازاری جەستەیی، دەروونی، شکانەوە، تەریقکرنەوە، دەستدرێژی سێکسی .... هتد. بۆیە لەو لێکۆڵینەوەیەدا تەنها تیشکم نەخستۆتە سەر توندوتیژی کەبەردەوامی لەمیدیاکاندا باس دەکرێت. لەو لێکۆڵینەوەیەدا باسم لەپێناسەکان و کارەکتەرەکانی و سیماکانی هەراسانکردن کردو دواتریش هەندێك لەهۆکارەکانم شیکردەوە. هەندێ

چارەسەریشم خستەروو کەبواری پیادەکردنیان لەکوردستاندا سەخت نین. بۆ هەموو ئامادەبووانم روونکردەوە کەچۆن منالان ئازار دەدرێن و هەراسان دەکرێن و کاریگەری ئەو هەراسانکردنە چیە. لەهەمان کاتیشدا باسم لەهۆکارەکانی ئەو هەراسانکردنەش کرد. لەبەرامبەر ئەمەشدا باسم لەهەراسانکردن و بەتەنگ هاتنەوەی مالەوش کردبوو. لەلایەکی دیکەوە باسم لەوە کردبوو بۆ مامۆستاکان لەلایەن خوێندکارانەوە هەراسان دەکرێن و رای مامۆستاکانیشم لەبارەی هەراسانکردنی منالانەوە خستبووە روو. جێگەی ئاماژە پێکردنیشە سەرجەمی ئەم قسەو باسانە لەرێگەی ئاماری تەواوەوە خرانە روو. بەدەر لەئامارەکانیش لەگەل چەندین منال و مامۆستادا دانیشتنم سازکردبوو. هەروەها لەقوتابخانەکاندا لەگەل منالەکاندا قسەو باسم هەبوو. ئەم لێکۆلینەوەیە پڕ بوو لەنامەو وێنەی جۆراوجۆری خوێندکاران و مامۆستایان کەباس لەو گرفتە دەکەن. هەموو ئەمە لەبەر ئەوەی وەزارەتی پەروەردە بتوانێت بریارێك بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردن پیادە بکات.

س.م : بەلام وەزارەتی پەروەردە بەر لەچەندین سال بریارێکی لەم بابەتەی دەکرد؟

فایەق سەعید: راستە بەلام لەبەر زۆر هۆکار بریارەکەی وەزارەتی پەروەردەی ئەو سەردەمە بەنەزۆکی لەدایك بوو چونکە یەکەم پشتی بەهیچ لێکۆلینەوەیك نەبەستبوو، بۆیە مرۆڤ زۆر بەئاسانی دەتوانێت پێیان بلێت نا لەقوتابخانەکاندا هیچ جۆرە هەراسانکردنێك لەئارادا نیە. دووەم ئەو بریارە هیچ جۆرە میکانیزمێکی کارکردنی لەگەلدا نەبوو. بەشێوەیەکی دی ئەوەی تێدا نەبوو هەرکاتێك هەراسانکردن هەبوو چی دەکەین، سێیەم ئەو بریارە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بۆ مامۆستاکان پێنەبوو. من لەبەرێوبەری پەروەردەو زۆرێك لەمامۆستاکانیشم پرسی ئەوان دەیانگوت زۆر راستە. ئەو بریارە وەکو شتێکی زارەکی بوو بەنووسراو بەقوتابخانەکاندا بلاوکرایەوە. چوارەم من هەراسانکردنم وەکو چەمێکی جیهانی بەکارهێناوە کەئازاری جەستەیی یەك لقێکی پێك دێنێت، بەلام ئەوان تەنها باسی ئازاری جەستەییان کردبوو بەهیچ شێوەیەك ئاگایان لەو چەمکە جیهانیەو لێکۆلینەوە تازەکانی ئەو بوارە نەبوو. پێنجەم من هەولم داوە پێناسەی دیاردەکەو کارەکتەرەکان لەبەر رۆشنایی تیۆرییە جیهانیەکاندا روون بکەمەوە. شەشەم بریارەکەی ئەوان باسی لەسزادانی مامۆستا سەرپێچکردووکان کردبوو، بەلام من زۆر کەم تیشکم خستۆتە سەر ئەم مەسەلەیەو باسی سزادانی کۆنسترەکتیڤانەم کردووە کەپێچەوانەی سزادانەکەی وەزارەتی پەروەردەیە. زیاتر هەولم داوە یارمەتی مامۆستاکان بدەم بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە نەك تەنها سزادانیان کەزیاتر گوزارش لەروحێکی تۆلەسەندنەوەی رۆژهەلاتیانە دەکات.

بەکورتی کارەکەی من زۆر بەپێچەوانەوەی ئەوەی وەزارەتی پەروەردەیە. من پرۆژەیەکم بۆ بەربەستکردنی هەراسانکردن لەکۆنگرەدا خستەروو کەماوەیەك بەر لەکۆنگرەش پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەم کردبوو. لەو پرۆژەیەدا خشتەیەکی زەمەنیم دیاری کردبوو بۆ بەربەستکردنی ئەم دیاردەیە، بەهەمان شێوەش ئەرکەکانی حکومەت و وەزارەتی پەروەردەم بەوردی دیاری کردبوو. جگە لەمەش من بەقوتابخانەکاندا گەراوم و لەگەل مامۆستاکان و خوێندکارەکاندا بەوردی قسەم کردووە. کاتی خۆشی چەند وۆرکشۆپێکم لەگەل مامۆستاو کادیرەکانی دیکەدا سازکردووە. سەرجەم هەولم داوە سود لەچەندین لێکۆلینەوەی تازەی جیهانی رۆئاوا ببینم کەوەزارەتی پەروەردەی ئەو سەردەمە دەستی پێرانەگەشتبوو. بەهەر حال گرینگ ئەمە نیە، بەلکو گرینگ ئەوەیە بەهەمووومان یارمەتی وەزارەتی پەروەردە بدەین و کەرەسەکانی بۆ ئامادە بکەین بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە بتوانێت کۆتایی بەم دیاردەیە بهێنێت.

س.م :ئەو کەسانە کێ بوون کەلەکۆنگرەدا بەشدار بوون؟ لێرەو لەوێ بیستمان کەلەجیاتی بەشداری خەلکانی کارامەو لێهاتوو لەبواری پەروەردەو فێرکردن زیاتر نوێنەری حیزبەکان بەشدار بوون، بەبروای بەرێزتان تا چەند ئەم لێدوانانە دروستن؟

فایەق سەعید: من هەموو ئەوانەم نەدەناسی کەئامادەی کۆنگرە بوون، بەلام پێم وایە بەدەر لەوەزیری پەروەردە کەپۆستێکی سیاسی هەیە ئیدی هەموو یا بەشی هەرە گەورەی ئەوانەی دوای دوو سەعاتی یەکەمی کۆنگرە ئامادە بوون بەشێوەیەك لەشێوەکان کادیری پەروەردەیی بوون. تەنها لەکردنەوەی

کۆنگرەدا لەماوەی دوو کاتژمێری یەکەمدا سیاسیەکی زۆر هاتبوون. کردنەوەی هەموو کۆنگرەیەکیش لەکوردستان هەروایە. دواتر سیاسی کوا تاقەتی ئەوەی هەیە بەو گەرمایە لەکاتژمێری 9 بەیانیەوە تا 7،30 ئێواە کار بکات. مرۆڤ لەکاتی کۆنگرەدا بەئاستەم فریای ناخواردنیش دەکەوت.

س.م :گرنگترین تەوەر و باسەکانی کۆنگرە چی بوون؟ بۆچوون و هەڵسەنگاندنی بەرێزتان لەسەر ئەو تەوەرانەی کە باس کران چین؟ بە بڕوای ئێوە تا چەند بابەت و باسەکان لە خزمەتی نوێکاری و گۆران لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بوون؟

فایەق سەعید: خەڵکێکی زۆر کەبەسەر 19 تەوەرو لیژنەدا دابەشکرابوون بۆ ماوەی نزیکەی نۆ مانگ لەکوردستان خەریکی قسەکردن و راپۆرت نووسین بوون بۆ کۆنگرە کەلەشێوەی کتێبێکی 380 لاپەڕەییدا بڵاوکرایەوە. گرینگترین ئەو تەوەرانەی بریتی بوون لەتەوەری سیستمی خوێندن، ئەزمونەکان، پەروەردەی تایبەت، پرۆگرام، پێگەیاندنی مامۆستایان، بیناسازی، پەیمانگاکان، چالاکیە هەمەجۆرەکان، گرفتی خوێندکاران، کاگێری، پلاندانان، راگەیاندنی پەروەردەیی... هتد. دواتریش هەموو لیژنەکان راسپاردەکانی خۆیان لەشێوەی کتێبێکی 160 لاپەرەییدا پێشکەش بەکۆنگرە کردبوو. بەڵام لەکاتی کۆنگرەدا گروپەکان کران بە 10 بەشەوە کەلەشێوەی وۆرکشۆپدا گفتوگۆو قسەیان دەکرد بەشەخسی وەزیریشەوە بۆ ئەوەی راسپاردەو پێشنیارەکانی خۆیان پێشکەش بەکۆنگرە بکەن.
دەربارەی سەرنجەکانی خۆم دەبێ بلێك کاتێك مرۆڤ لەناو سیستمێکی زۆر پێشکەوتوودا کار بکات و لەبەر رۆشنایی لێکۆڵینەوەو قوتابخانە پەروەردەییە تازەو هاوچەرخەکاندا کاربکات ئەوە هەر گۆرانکارییەك لەوە کەمتر بێت بەسەرکەوتووی لەقەڵەم نادات، بەڵام هەوڵ دەدەم لێرەدا خۆم لەو کارە دوور بخەمەوەو بەچاوێکی واقیعیانەوە تەماشای کۆنگرە بکەم و لەبەر رۆشنایی بارودۆخی تا ئێستای کوردستاندا هەڵیبسەنگێنم. من پێم وایە کۆنگرە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکەدا هەبوو. سەرەتا من پێم وایە ئەگەر کەسانێکی پرۆفیشناڵمان هەبوایەو بەستروکتورێکی باشی کارکردنەوە کاریان بکردایە پێویستمان بەنۆ مانگ نەبوو بۆ ئەوەی لیژنەکان کارەکانی خۆیان تەواو بکەن، بەڵام دەبێ مرۆڤ قەناعەت بەوە بێنێت کەکار بەو شێوەیە لەوڵاتی ئێمەدا بەرێوە دەرواو. ئەمەش خەتای هیچ تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە نیە بەتەنیا بەڵکو سیستمی ئێمە خەڵکەکانی وا راهێناوە. چالاکیەکانی ناو کۆنگرەش تارادەیەك باش بەرێوەچوون. خودی گفتوگۆکان لەنێوان ئەو هەموو کادیرانەدا ، بەریفۆرمخوازو کۆنخوازەوە، بەشارەزاو نەشارەزاوە کارێکی تا بلێی باش بوو. لەم روانگەیەوە پێم باشە کۆنگرەی سالآنە هەبێت. بەشێکی باشی راسپاردەکان پوخت بوون و پێم وایە ئەگەر پیادە بکرێن هەنگاوێکی باش دەچینە پێشەوە. بۆ نموونە هەندێك لیژنە ئاماری تەواویان لەسەر ژمارەی کۆمپیوتەری قوتابخانەکان پەیدا کردبوو. بەهەمان شێوەش بڕی ئەو پارەیەیان دیاریکردبوو کەپێویستە بۆ ئەوەی سەرجەمی پوتابخانەکان ببنە خاوەنی کۆمپیوتەری خۆیان. لیژنەی بینای قوتابخانەکان هەندێ نەخشەی نوێیان ئامادە کردبوو ...هتد. تۆ واز لەوە بێنە ئەو نەخشانە باشن یا خراپ، ئەو هەموو کۆمیوتەرانەمان بۆ پەیدا دەبێ یا نال، بەڵام هەوڵەکان باش بوون.
من ئاگاداری گفتوگۆکانی سەرجەم گروپەکان نەبووم، بەڵام من یەکێك بووم لەوانەی بەسەر چەندین گروپەوە سوڕامەوەو گفتوگۆم دەکرد. لەناو سەرجەمی ئەو گروپانەدا گفتوگۆیەکی باش هەبوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیش خەڵکی کۆنخواز زۆر بوون. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە باشتر نەبوو هەموو ئامادەبووان ریفۆرمخواز بوونایە؟
لەکۆتاییدا دەڵێم گرینگترین شت ئەوەیە راسپاردەکان و کارەکان باشبن، ئیدی پیادە دەکرێن یا نا ئەو قۆناغی دووەمە کەبەتەواوی دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەروەردە.

س.م :دیاردەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی منالاًن لە قوتابخانەکاندا بووەتە دیاردەیەکی بەرچاوو، بەتایبەت لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوودا چەندین کارەساتی دڵتەزێنی لێکەوتۆتەوە. بەرێزتان چۆن دەروانە ئەم کێشەیە و هۆکارەکانی چین؟ ئایا لەو کۆنگرە پەروەردەییەدا ئەم کێشەیە وەك مەسەلەیەکی گرنگ و وەك کێشەیەك کە پێویستی بەچارەسەری جدی هەبێت باسی لێوە کرا؟ ئەگەر بەڵێ، لەم

باره‌وه‌ چ بریارێك درا؟

فایه‌ق سه‌عید: پرسیاره‌كه‌ت دوو به‌شه‌. سه‌باره‌ت به‌به‌شی یه‌كه‌میان پێم خۆشه‌ ته‌نها باس له‌توندوتیژی نه‌كه‌ین به‌ڵكو باس له‌هه‌راسانكردن وه‌كو چه‌مێك بكه‌ین چونكه‌ ئه‌وه‌ی له‌قوتابخانه‌كاندا هه‌یه‌ ته‌نها توندوتیژی نیه‌ به‌ڵكو سه‌رجه‌می جۆره‌كانی هه‌راسانكردن به‌شێوه‌یه‌كی به‌ربلاو له‌ئارادایه‌. سه‌ره‌تا با پێناسه‌یه‌كی هه‌راسانكردن بكه‌ین: مه‌به‌ست له‌هه‌راسانكردن ئه‌وه‌یه‌ یه‌كێك زیاتر له‌جارێك به‌كارێك یا مامه‌ڵه‌یه‌كی نێگه‌تیڤانه‌ یه‌كێكی دی هه‌راسان بكات به‌بێ ئه‌وه‌ی ئه‌و یه‌كه‌ هه‌مان توانای به‌رگریكردنی له‌خۆی هه‌بێ. مه‌به‌ست له‌كارو مامه‌ڵه‌ی نێگه‌تیڤانه‌ش هه‌ر كارێكه‌ كه‌به‌مه‌به‌ستی زیان گه‌یاندن به‌یه‌كێكی دی و به‌بێ ویستی خۆشی ئه‌نجام بدرێت . واته‌ ده‌كرێ دوو خوێندكار ئازاری یه‌كتر بده‌ن و یه‌كدی هه‌راسان بكه‌ن، به‌هه‌مان شێوه‌ش ده‌كرێ مامۆستایه‌ك خوێندكارێك هه‌راسان بكات یا به‌پێچه‌وانه‌وه‌. ئه‌م كاره‌ نێگه‌تیڤانه‌ش ده‌كرێ هه‌زارو یه‌ك شێوه‌ی جۆراوجۆر بگرێته‌ خۆی و به‌چه‌ند شێوه‌یه‌ك ئه‌نجام بدرێ.

شێوازه‌كانی هه‌راسانكردن بریتین له‌مانه‌ی خواره‌وه‌

1) هه‌راسانكردنی جه‌سته‌یی: كاری فیزیكی، لێدان، شه‌ڕكردن، ده‌ست وه‌شاندن، یا به‌شێوه‌یه‌كی دی به‌كارهێنانی توندوتیژی به‌مه‌به‌شتی ئازاری جه‌سته‌یی

2) هه‌ڕه‌شه‌كردن و توڕه‌بوون.

3) ترساندن: چاو سووركردنه‌وه‌ و مۆڕبوونه‌وه‌ به‌مه‌به‌ستی ترساندن.

4) شكاندنه‌وه‌: قسه‌ی ناشیرین، ته‌ریقكردنه‌وه‌و شكاندنه‌وه‌ی به‌رامبه‌ر.

5) په‌راوێزكردن و ئازاردانی ده‌روونی.

6) هه‌راسانكردنی سێكسی

كاری ئازاردانی جه‌سته‌یی له‌لای ئێمه‌ ده‌كرێ به‌دوو به‌شه‌وه‌؛ ئازاردانی جه‌سته‌یی نێوان گه‌وره‌كان و منالآن، هه‌روه‌ها نێوان خودی منالآن. تاوه‌كو ئێستاش هه‌ردوو جۆره‌كه‌ له‌ناو قوتابخانه‌كانی ئێمه‌دا ماون به‌ڵام من له‌هه‌ندێ لاوه‌ گوێم له‌وه‌ ده‌بێت به‌به‌راورد له‌گه‌ڵ جاراندا به‌شی یه‌كه‌میان شتێك كه‌م بۆته‌وه‌، ئه‌گه‌رچی منالآن له‌ئاماره‌كانی مندا كه‌تایبه‌تن به‌هاوین و زستانی 2005 وه‌ ده‌ڵێن 79% ئه‌وان له‌قوتابخانه‌ لێده‌درێن. خودی مامۆستاكانیش ده‌ڵێن تاوه‌كو ئێستا 93% ی خوێندكاران لێده‌درێن. له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌ كچان به‌رێژه‌یه‌كی زۆر كه‌متر له‌كوڕان لێده‌درێن. به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئه‌و قسانه‌ش سه‌ره‌وه‌ش ڕاست بن كه‌ئازاری جه‌سته‌یی گه‌وره‌كان كه‌متر بۆته‌وه‌ ئه‌وه‌ له‌لایه‌ك به‌س نیه‌و له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه‌ من ترسێكی گه‌وره‌م له‌وه‌ هه‌یه‌ هه‌ركات ئازاری جه‌سته‌یی نه‌مێنێت ئه‌وه‌ شێوازه‌كانی دیكه‌ی هه‌راسانكردن بێنه‌ ئاراوه‌. یه‌كێك له‌گرفته‌كانی ئه‌وه‌یه‌ سیستمی په‌روه‌رده‌یی ئێمه‌ مامۆستاكانی به‌شێوه‌یه‌ك راهێناوه‌ كه‌قه‌ناعه‌ت به‌وه‌ بكه‌ن ئازاردانی جه‌سته‌یی ڕێگه‌یه‌كی شیاوه‌ بۆ چاره‌سه‌ركردنی گرفتی خوێندكاران له‌ناو قوتابخانه‌كاندا(% 61 ی مامۆستاكان ئه‌م رایه‌یان هه‌بوو). بێگومان ئه‌م وه‌ڵامانه‌ جگه‌ له‌كه‌م نزمیی ئاستی قوتابخانه‌و سه‌رنه‌كه‌وتنی ئیداره‌ به‌رپرسه‌كان له‌وه‌ی كه‌ئه‌وان نه‌یانتوانیوه‌ ئاستی مامۆستاكان بۆ راده‌ی پێویست به‌رزبكه‌نه‌وه‌، هیچی دیكه‌ ناگه‌یه‌نێت. جێگه‌ی سه‌رسوڕمانه‌ مرۆڤ پێی وابێت توندوتیژی شتێكی باشه‌ بۆ چاره‌سه‌ركردنی گرفتی مرۆڤه‌ بچكۆله‌كان.

ئه‌م ده‌زگا به‌رپرسانه‌ كه‌وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌و تاراده‌یه‌كیش وه‌زارتی خوێندنی باڵا ده‌گرێته‌وه‌ له‌وه‌دا سه‌ركه‌وتوو نه‌بوون مامۆستاكانی خۆیان بگه‌یه‌ننه‌ ئه‌و ئاسته‌ی كه‌هه‌ست به‌وه‌ بكه‌ن ئازاری جه‌سته‌یی زیاتر له‌زیانێكی ماڵوێرانكه‌رانه‌ی هه‌یه‌و هه‌ندێجاریش هۆكارێكی راسته‌وخۆیه‌ بۆ رووخان و خۆكوژی مرۆڤه‌ بچكۆله‌كان.زۆرێك له‌مامۆستاكان له‌كاتی قسه‌كردندا پێیان وابوو لێدان شتێكی باشه‌ بۆیه‌ ئه‌وان له‌منالَه‌كانی خۆشیان ده‌ده‌ن.

له‌ئاستی دووه‌میشدا واته‌ شه‌ڕكردن له‌نێوان خودی خوێندكاراندا كارێكی به‌ربڵاوه‌و رۆژانه‌ چه‌ندین كاری وا ئه‌نجام ده‌درێن. سه‌رجه‌می ئه‌و خوێندكارانه‌ی گفتوگۆم له‌گه‌ڵیاندا سازكرد دانیان به‌وه‌دا نا كه‌شه‌ڕكردنی خوێندكاران له‌گه‌ل یه‌كتردا شتێكی زۆر به‌ربلاَوه‌. نزیكه‌ی سێبه‌شی خوێندكاران له‌گه‌ڵ یه‌كتردا شه‌ڕ ده‌كه‌ن. به‌شێك له‌م كارانه‌ له‌ڕێگای ماڵ-قوتابخانه‌دا ئه‌نجام ده‌گرن و به‌شێكی تریشیان به‌داخه‌وه‌ له‌ناو حه‌وشه‌ی قوتابخانه‌كاندا ئه‌نجام ده‌گرن. به‌ڵام وه‌كو ره‌گه‌ز كوڕان زۆر زیاتر له‌كچان شه‌ڕ ده‌كه‌ن. ماره‌ تام ئاماژه‌

بەئەنجامی توێژینەوە بایەلۆژییەکان دەکات کەپێیان وایە پیاوان بەشێوەیەکی گشتی زۆر زیاتر لەژنان پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی. لەلایەکی دیکەشەوە تام ئاماژە بەوە دەکات کەبەشێك لەهەرزەکاران بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆیان زۆر زوو پەنا بۆ توندوتیژی و شتی هاوشێوە دەبەن.
لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەتوانین قسە لەسەر هەموو شێوازەکانی دیکەی هەراسانکردنیش بکەین، بەڵام با تەرکیز بکەینە سەر قسەی ناشیرین و جنێودان (وەك نموونە) کەبەجۆرەها شێوە لەلایەن هەندێك لەمامۆستاکانەوە بەکار دێن.
نزیکەی 75% ی مامۆستاکان پێیان وایە ئەوان قسەی رەق و ناشیرین بەخوێندکاران دەڵێن و جنێویان پێدەدەن، بەڵام بەرای خودی خوێندکاران تەنها 68% ی ئەوان ئەو قسانەیان پێدەکرێت. بەرامبەر بەمەش نزیکەی 32% ی خوێندکاران لەماڵەوەش هەمان کاریان پێدەکرێ.
لەم بوارەدا جنێوی ژنانەو پیاوانە دوو جۆری جیاوازن و ژنان بەشێوەیەکی زۆر ناشیرینانە لەنێیاوان جنێوەکانی خۆیان ئاراستەی منالان دەکەن. من لەکۆنگرەشدا ئاماژەم بەوەدا کەژنان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئەندامی مێینەو نێرینە بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر ئازاری خوێندکارە کچەکان بدەن. هەر لەوێدا بەهێرشکردنە سەر ژنان تاوانبار کرام. بەڵام من ئەم دەرئەنجامەم لەقسەی خودی منالەکانەوە وەرگرتووە.
ئەوەی دەمەوێ لێرەدا یاداشتی بکەم ئەوەیە کەجۆرە جیاوازییەك لەنێوان بابەتی ئەو قسانەی مامۆستا پیاوەکان و ژنەکان دەیکەن هەیە. نموونەی جنێوو قسەی ناشیرینی مامۆستا پیاوەکان بریتیە لە: حەیوان، سەگباب، گێژ، کەر، دەبەنگ ... هتد. بەڵام نموونەی جنێوو قسەی ناشیرینی مامۆستا ژنەکان بریتیە لە: قەحپە، قەحپەی دەڵەقۆڕ، حەیوان، تیاترۆ، ماکەر، خۆتان بۆ کوڕان جوان دەکەنەوە، یا بۆ ئەوەی کوڕان ... هتد.
لێرەدا دەمەوێ هاوکات دوو خاڵ یاداشت بکەم؛ خاڵی یەکەم، بەپێی قسەی خوێندکاران و بەرادەیەکی کەمتر مامۆستایان، مامۆستا ژنەکان شێوازێکی زۆر ناشیرینتریان لەپیاوەکان هەیەو قسەی زۆر نارەواترو ناشیرینتر دەکەن. مەبەست لەم دوو وشەیە بەکارهێنانی ئەو وشانەیە کەکاریگەرییەکی دەروونی زۆر درێژخایەنتر یا سەختتر بەجێ دێڵن. مامۆستا ژنەکان زۆر زاڵمانەترو بێڕەحمانەتر ئەو وشە ناشیرینانە بەکار دێنن..
خاڵی دووەم؛ پەنا بردنی مامۆستا ژنەکان بۆ هەندێ جنێوی سێکس ئامێز مانای وایە ئەوان بەتەواوی وشیارییەوە جنێوو قسەکانیان ئاماژە ئامێزن بۆ ئەندامە مێینەکانی لەش. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەزاندنی سنووری ئازادییەکانی مرۆڤە بچکۆلەکانەو وانەیەکیشە بۆ ئەوان کەچۆن فێری ئەوە ببن هەر لەئێستاوە جیاوازی نێوان نێرو مێ پتەو بکەن و لەگۆشەنیگایەکەوە تەماشای ئەم مەسەلەیە بکەن کەبەزیانی یەکسانی نێرو مێ بکەوێتەوە. لەراستیدا دەبوایە قوتابخانەکان بەپێچەوانەی ئەمەوە کاریان بکردایە.
کارکردن لەگەڵ منالاندا بەئاراستەی ناشیرینکردنی ئەندامە سێکسیەکان زیاتر لەرەهەندێکی کارو بیرکردنەوەی منال دەشێوێنێت. هەندێك لەو نموونانە دەکرێ لێرەدا یاداشتی بکەین ئەمانەن:
1) هێڵێکی زۆر ئاشکرا لەنێوان نێوان رەگەزی نێرو مێ دەکێشێ و بیرکردنەوەکانی منال بەئاراستەی بەردەوامبوونی نایەکسانی دەبات.
2) بیرکردنەوەکانی منال لەچوارچێوەیەکی تاك رەهەندیدا گیر پێدەخواو لەهەموو قۆناغەکانی بیرکردنەوەیدا تاك رەهەندانە بیر دەکاتەوە.
3) منال هەوڵی ئەوە دەدات ئەو جیاوازییە جێندەرییە بکاتە بنەماو پێوەر بۆ زۆر بواری ژیان.
4) ئەم جۆرە جنێوانە منال دەباتە بارودۆخێکەوە کەهەمیشە شەرم لەهەندێ ئەندامەکانی لەشی خۆی بکاتەوە.
5) خوێندکار دوچاری بارێکی قورس دەبێت کەدواجار قورسایی لەهەندێ حاڵەتدا بەدی دەکات بەتایبەت لەکاتێکدا دەچێتە ناو قوتابخانەیەکی تێکەڵ، یا تێکەڵ بەگروپێکی کچ و کوڕ دەبێت.
6) قوڵبوونەوە بۆ ناخی رەگەز جێگای قوڵبوونەوە بۆ ناخی بابەتەکان دەگرێتەوە. لێرەشدا دەکرێ باس لەقەیرانی داهێنان لەقوتابخانەدا بکەین. بەدەر لەوەی سیستمی پەروەردەیی ئێمە ئەو سیستمە نیە کەوا لەخوێندکار بکات شتی نوێ دابهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ناشیرنکردنی رەگەزەوە

خوێندکارەکانمان جۆرە سستیەك لەئەرکەکانی قوتابخانەدا دەنوێنن. خاڵی سەرنجڕاکێش لێرەدا ئەوەیە مەرج نیە مامۆستاکان لەم حاڵەتە کەدەینوێنن بەئاگابن و ئەو جنێوە ناشیرینانە بەئاستی خوێندکارانەوە ببەستنەوە.
7) جێندەر، ئەندامەکانی مێینەو نێرینە چیدی وەکو خاڵی پۆزەتیڤانەی مرۆڤ تەماشا ناکرێت بەڵکو بەپێچەوانە وەکو شتێکی زۆر نێگەتیف و عەیب ئامێز دەبینرێ و دەبێتە مایەی سەرشۆڕی بۆ مرۆڤ، ئەمەش پێچەوانەی واقیعە. ئەم وێنە پارۆدۆکساڵە دواتر رۆڵی هەرە گرینگ و خراپ لەهەردوو پرۆسەی assimilation & accommodation دەبینێ کەپیاژە (Jean Piaget) لەتیۆرییەکانی خۆیدا بەرجەستەی کردووە. ئاشکراشە بۆ بەرجەستەکردنی ئەم دوو پرۆسە هەرە گرینگە لەلای مناڵ پێویستمان بەزۆرترین رادەی هارمۆنیکردنی زانیارییەکانە نەك پارۆدۆکساڵ کردنیان.
8) رەنگە بەشێك لەم جنێوانەش پەیوەندییان بەسێکسیکردنی کۆمەڵگاو ژیانی رۆژانەوە هەبێت کەمن لەژێر سەردێڕی هەراسانکردنی سێکسی باسی دەکەم.
بۆ ئەوەی وەڵامی تەواوی پرسیارەکەت بدەمەوە دەبێ کەمێك لەسەر هۆکارەکانی هەراسانکردنیش رابوەستم. یەکێك لەو هۆکارانە بریتیە لەشەڕانیبوونی مناڵان. زۆرێك لەمناڵانی ناو قوتابخانەو ماڵەکان لەبەر ئەم هۆیە توشی ئازاری جەستەیی و بەشێکی زۆری دیکەی شێوازەکانی هەراسانکردن دەبنەوە. لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بەچەند هۆکارێکی ئەم حاڵەتە بکەین کەبریتین لە

1. فرۆید: هۆکاری جێنێتیکی
2. بۆلبی: کێشەو ناکۆکییەکانی ناخی مناڵ
3. لۆرێنس و هۆکاری غەریز
4. باندورا: فێربوون لەدەوروپشتەوە
5. مێشك و هۆرمۆنەکانی لەشی مرۆڤ

هۆکارێکی دیکە بریتیە لە دزیکردن کەبەرای من ئەوەندەی گوزارش لەپێداویستیەکی مناڵ دەکات ئەوەندە گوزارش لەدیاردەیەکی دزێوو ناشیرین ناکات. هەموو ئەو مناڵانەی لەوشیارییەوە دزییان کردووەو لەوەش تێگەشتوون کەدزی شتێکی خراپە، بەئەگەری زۆریش ئەوانە ئەو مناڵانەن کەپێداویستیەکانیان پڕ نەکراوەتەوە. بەشێوەیەکی دیکە کاتێ مناڵ دزی دەکات بۆ خۆشی نایکات بەڵکو بۆ ئەوەیە کەپێداویستیەکی خۆی پڕ بکاتەوە. هەندێجار ئەو پێداویستیە ماددیە، بۆ نموونە کرینی پێنووسێك، یارییەك، خواردەمەنیەك، کتێبێك ... هتد. لەم بوارەشدا هەندێجار مناڵ خۆی هێندە حەزی لەو شتە نیە بەڵکو لەبەر ئەوەی هاورێکانی ئەو شتەیان هەیە بۆیە ئەمیش دەیەوێ لەنێو ئەواندا نەشکێتەوە. بەڵام هەندێجار پێداویستیەکی دەروونی پاڵ بەمناڵەوە دەنێت دزی بکات کەزۆر لەپێداویستیە ماددیەکە گرینگترە.
هۆکارێکی دیکە بریتیە لەو کولتورە رۆژهەڵاتیەی ئێمە کەپڕە لەتوندوتیژی. لەیەکەم ساتی گرفتەکانەوە ئێمە هەراسانکردن وەکو چارەسەرێك پیادە دەکەین. ئەم هەراسانکردنە ئێمە نەوە دوای نەوە لەدەوروپشتەکانی خۆمانەوە فێر دەبین. ئەلبێرت باندۆرا لەم بوارەدا تاقیکردنەوەیەکی سەرنجراکێشی هەیە. لەبواری کولتوری توندوتیژیدا دەکرێ ئاماژەش بۆ خەڵکە رەسەنەکانی(ئابۆرجینەکان) Arneheim لەئوستورالیاش بکەین. هەروەها دەکرێ ئاماژە بۆ هیندیە سورپێستەکانی ئۆماهاش بکەین.
هەندێجار گرفتەکان پەیوەندییان بەکێشە تایبەتیەکانی گەورەکانەوە هەیە کەبنامەیەکی سایکۆلۆجیان هەیە. بەشێوەیەکی دی ئەو کەسەی کاری هەراسانکردن پیادە دەکات جا مامۆستا، باوك یا خوێندکار بێت لەبارودۆخێکی دەروونی خراپدا دەژی. لێرەدا ئەم بارودۆخە خراپە دەکرێ زیاتر لەمانایەك لەخۆ بگرێ: دەکرێ مەبەست ئەوەبێت کەکەسی هەراسانکەر مرۆڤێکی نائاسایی بێت و لەکۆنترۆڵکردنی ئاکارو رەوشت و کردەوەکانی خۆیدا سەختی بەدی بکات. بەڵام دەکرێ مەبەست لەخراپیش ئەوەبێت کەکەسی هەراسانکەر بەمەبەستەوە پەنا بباتە بەر هەراسانکردن. بەشێوەیەکی کۆنکریت دەتوانم بڵێم هەرکات یەکێك باری دەرونی خۆی تەواو نەبێت یەکسەر ئەو مناڵانەی بەردەستی هەراسان دەکات. ئیدی ئەو کێشەی دەکرێ شەری ناو خێزان بێت، دەستنەکەوتنی غازو نەوت بێت یا هەر شتێکی دیکە کەببێتە هۆی تێکچوونی باری

دەروونی ئەو کەسە.
هەندێ هۆکارێکی دیکەش هەن کەپەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەشێوازی کاکردنی مامۆستاکانەوە هەیە. بەپێ وەلامی مامۆستاکان شەڕکردن، نەخوێندن، نارەحەتی و هاروهاجی و لەهەندێ حالەتیشدا پیس و پۆخلی هۆکاری سەرەکی بوون بۆ هەراسانکردنی خوێندکاران. لەم بوارەدا خوێندکارەکانیش هەمان رایان هەبوو. ئەمانە بەشێك بوون لەهۆکارەکانی هەراسانکردنی منالان.
لەیەکێك لەلیژنەکانی بەر لەکۆنگرە باسی ئەم گرفتە کرابوو، بەلام بەو شێوەیە نا کەمن خەستمەروو ، بەلکو وەکو باسکردنێکی ئاسایی. لەناو کۆنگرەشدا نازانم و من ئامادەی هیچ جۆرە کارێکی لەم بابەتە نەبووم. بەلام بەدلنیاییەوە هیچ بڕیارێکی لەم بارەیەوە نەدرا.

س.م :بۆ خۆتان دەزانن لەماوەی ئەم چەند ساڵەی دوایەداو تاوەکو ئێستاش چەندین منال و لاوی کوروکچ ئاگریان لەجەستەی خۆیان بەرداوەو کاری خۆکوژییان کردووە، چۆن دەروانیتە ئەم دیاردەیە؟ ئایا لەکۆنگرەدا تیشك خرایە سەر ئەم گرفتە ؟
فایەق سەعید: سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەشت کەدەربارەی خۆکوژی منالانە ئەوە بابەتێکی دیکەیەو پێویستی بەراوەستانێکی جیدی هەیە. ئەم دیاردەیە رۆژ دوای رۆژ لەپەرەسەندایەو ژمارەیەکی زۆری منالان و لاوان خۆیان دەکوژن بەبێ ئەوەی تاقە کەسێك ئاورێکی جیدی لەم دیاردەیە بداتەوە. بەلام حەز دەکەم ئەوەش یاداشت بکەم کەمەرج نیە لەهەموو حالەتەکاندا قوتابخانە تاوانبار یا کەمتەرخەم بێت. کاری خۆکوژی پرۆسەیەکی ئالۆزەو چەندین فاکتەر رۆڵی تێدا دەبینن. بەشێکی زۆری فاکتەرەکان پەیوەندییان بەمال و شێوازی پەروەردەکردن و مامەڵەی مالەوە هەیە. بەشێکی دیکەیان پەیوەندی بەکەسایەتی خودی ئەو کەسانە یا ئەو منالانەوە هەیە. لێرەشدا کارێکی زۆر هەیە کەبکرێن بۆ ئەوەی هۆکارە راستەقینەکان شرۆڤە بکرێن. لاوازی ئەو کەسایەتیە زۆر جار پەیوەندی بەجۆری مامەڵەکردنی دایك یا باوکەوە هەیە. ئایا ئەو منالە لەقۆناغی منالیدا لەدایکی دابراوە یا نا؟ ئایا ئێمە باسی مردنمان بۆ کردووە یا نا؟ ئەگەر ئا چۆن باسی مردنمان بۆ کردووە؟ مردن وەکو شتێکی خراپ یا باش؟ زۆر جار منال مردن زۆر بەپیرۆزەتیقانە لەقەلەم دادات. بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی هەندێ رستەی وەك (( خۆزگە بمردمایەو رزگارم بوایە)) یا (( ئای مردن چەند خۆشە)) یا (( ئەوەی بمرێت دەچێتە بەهەشت و ئیدی سەربەرز دەژێ)) ...هتد. لەلایەن دایبابەکانەوە وا لەمنال دەکات مەرگ بەشێوەیەکی پیرۆزەتیڤ یا نیوچە پیرۆزەتیڤ لەقەلەم بدات. من لێرەدا بواری ئەوەم نیە بەوردی لەسەر هەموو هۆکارەکان راوەستم بەلام یەك شت لێی دلنیام ئەویش ئەوەیە ئێمە هەموو کاتەکان قوتابخانە تاوانبار دەکەین بەبێ ئەوەی لەوە دلنیابین کەخەتای قوتابخانەیە.

س.م :مەبەستت ئەوەیە قوتابخانە خەتابار نیە؟
فایەق سەعید: نا، مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەوەی لایەنێك یا کەسێك خەتابار بکەین دەبێ بەلگەمان بەدەستەوە بێت. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لەپێناسەکان و هۆکارەکانی دۆرکهایم بەو پێیەی یەکەم کەس بووە لەو بارەیەوە شتێکی زۆر بەنرخی نووسیوە، ورد بینەوە دەبینین هۆکاری جودا جودا بۆ خۆکوژی مرۆڤ لەئارادا هن. هەندێ جاریش میدیاکان شتەکان دەشێوێنن، بۆ نموونە لەخۆیانەوە هۆکاری کوشتنەکە دیاری دەکەن بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەك لەئارادا بێت، یا دانشتنێکی قولیان لەگەڵ خێزانی قوربانیەکاندا ساز کرد بێت ...هتد.
ئارام سدیق لەهەولێکی زۆر سەرکەوتوودا توانیویەتی قەناعەت بەکۆمەڵێك گەنج بکات کەبەجیدی هەولی ئەوەیان داوە خۆیان بکوژن، بەسەرهاتەکانی خۆیان بۆ میدیا باس بکەن. بەلام لەبەر هۆکاری جیاواز لەدوا چرکەدا پەشیمان بوونەتەوەو لەهەولەکانیاندا سەرکەوتوو نەبوون. ئەوەی جێگەی سەرنجە بۆ من و تۆ ئێستا ئەوەیە هۆکاری سەرجەمی ئەو حالەتانە (تەنها یەکێکیان نەبێت لەبەر ئەوەی چەند سالێك لەپۆلی شەشەمدا ماوەتەوە) هیچ پەیوەندییەکیان بەقوتابخانەوە نەبووە. هۆکارەکان مەسەلەی شوکردن و خۆشەویستی بووە، مەسەلەی گرفتی خێزانی بووە، کەمدەرامەتی بووە، خۆبەختکردن لەرێگەی تەقینەوە، کەئەمە دۆرکهایم زۆر لەسەری راوەستاوە ...هتد. بەدەر لەم گەنجانەش با چەند نموونەیەکی دیکەت

بخەمە بەرچاو، گەنجێکی چەمچەماڵی لەبەر ئەوەی تیپی بەرازیل لەخولی هەشتەمی مۆندیالی 2006 دا بەتیپی فەرەنسای دۆراند خۆی کوشت. ژنێك لەبەر قەرزی بەردەگا، یەکێکی دی لەبەر دوو ژنی، یەکێکی دی لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبیلەکەی ئاو بردی ...هتد.

بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەك ئەوە ناگەیەنێت کەقوتابخانە گوناهی نیە. هەندێك لەحاڵەتەکان شکی ئەوەیان لێدەکرێت کەخەتای قوتابخانەشی تێدا بێت، بەڵام ئێمە دووبارە پێویستمان بەبەڵگە هەیە. ڕێژەی خۆکوژی خوێندکاران زۆر ترسناکەو لەبەرز بوونەوەدایە. بەڵام لێرەدا لەوانەیە ئێمە توشی گرفتی کۆمەڵایەتی گەورەش بینەوە ئەویش دوژمنداررییە. بۆ نموونە ئەگەر لێکۆڵینەوەکان دەریان خست کەڤینۆس بەهۆی مامەڵەکردنی یەکێك لەمامۆستاکانەوە خۆی کوشتووە، ئەوە بەئەگەری زۆر کێشەکە دەبێتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و لەوانەیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵ بدرێت ئەو مامۆستایە بکوژرێت چونکە لەوڵاتی ئێمەدا تاوەکو ئێستا نەیاسا سەروەرەو نەوشیاری کۆمەڵایەتیش بەرزە. بەهەر حاڵ من لەدوا کتێبمدا هەوڵم داوە کەمێك لەسەر ئەو کەیسە کوردیانە بوەستم کەمیدیاکان شتێکی زیاتریان لەسەر نووسیوە نەك تەنها وەکو هەواڵ باسیان کردووە.

خۆ ڕەنگە هەندێ حاڵەت هەبن روونبن کەلەئەنجامی مامەڵەکردنی قوتابخانەوە منالێکی دیاریکراو خۆی کوشتبێت یا هەوڵی داوە خۆی بکوژێت، بەڵام باس لەیەك دوو کەیس ناکەین بەڵکو ئێمە بەشێوەیەکی گشتی باس لەحاڵەتەکان دەکەین. هۆکارێکی دیکە کەوا دەکات هەموومان پەنجەی خەتاباری یا تاوانباری بۆ قوتابخانە درێژ بکەین ئەوەیە کەلەکاتی ڕووداوەکاندا قوتابخانەکان زۆر بێدەنگن و خۆیان دەشارنەوەو هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەك لەحاڵەتەکان ناکەن و ئەگەریش بیکەن ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەوان زۆر بێ بنەمان. من بەش بەحاڵی خۆم هیچ لێکۆڵینەوەیەکم بەمانای لێکۆڵینەوە بەرچاو نەکەوتووە.

س.م :ئەی چارەسەر چیە؟

فایەق سەعید: ئێمە دەبێ تا دەتوانین رەخنە بگرین و بەجۆرەها شێوە فشار بۆ دەزگاکان بهێنین بۆ ئەوەی بابەخ بەم لایەنە بدەن، لێکۆڵینەوەی نەوعی ساز بکەن، هۆکارەکانی خۆکوژی منالْ بۆ خێزانەکان و قوتابخانەکانیش روون بکەنەوە، بەمەرجێك نابێ ئامانجی سەرەکیمان تاوانبارکردنی کەسەکان بێت.

من لەدوو سەفەری خۆمدا هەوڵێکی زۆرمدا بۆ ئەوەی ناونیشانی ئەو کەسانەم دەست کەوێت کەخۆیان کوشتبوو یا هەوڵی خۆکوژیان دابوو بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکیان لەگەڵدا ساز بکەم. لەبەرزترین کەناڵەوە کەوەزارەتی پەروەردەیە هەوڵمدا تا هەوڵە تایبەتیەکانی خۆم تا کار گەشتە ئەوەی خۆم سەردانی هەندێك لەنەخۆشخانەکان بکەم، بەڵام هێندە ماندو بووم وازم لەو کارە هێنا. بەڵام دەبێ هەوڵەکانمان بەردەوام بێت.

س.م :هۆکارەکانی دیکەی خۆکوژی چیە؟

فایەق سەعید: هەست دەکەم دەبوایە من هەر لەسەرەتاوە هەندێ پێناسەم پێت رابگەیاندایە بۆ ئەوەیە شتەکان لەشوێنی خۆیاندا جێگیر بکەین. بۆ نموونە پێناسەی خۆکوژی، بیری خۆکوژی، هەوڵی خۆکوژی، سیماکانی خۆکوژی. پێش هەموو شتێك مەبەستم لەخۆکوژیهەموو ئەو حاڵەتی مردنانەیە کەکەسێکی دیاریکراو تیایدا بەئەنقەست یا بەمەبەست زیان بەگیانی خۆی بگەیەنێت بۆ ئەوەی بمرێت. بیری خۆکوژیش هەموو ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کەکەسێکی دیاریکراو لەرێگەی دەربرینی چەند وشەگەلێك یا رستەیەك یا چەند رستەیەکی دیاریکراوەوە گوزارش لەوە بکات کەئەو بەنیازە خۆی بکوژێت یا بەمەبەستی خۆکوژی زیان بەخۆی بگەیەنێت. هەندێجار رەفتارەکانی ئەو کەسەو گوزارش لەو مەبەستە دەکات. هەندێجاریش مرۆڤ هەندێ سیمای دیاریکراو لەو کەسەدا بەدی دەکات کەگوزارش لەوە دەکات ئەو کەسە بیر لەخۆکوژی دەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هەوڵی خۆکوژی هەموو ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کەکەسێکی دیاریکراو لەرێگەی کردەوەوە دەیدات بەمەبەستی ئەوەی خۆی بکوژێت بەڵام ئەو هەوڵانە سەرناگرن و لەئەنجامدا ئەو کەسە نامرێت. زۆر جار یەکێك بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم جۆرە هەوڵانە دەدات بۆ نموونە خۆی لەسەربان دەخاتە خوارەوە، خۆی دەخاتە ژێر ئۆتۆمبیلێکەوە، حەپێکی زۆر دەخوات، ژەهر یا هەر دەرمانێکی دەکەی کوشندە دەخوات،

دەست لەکارەبا دەدات .... هتد بەڵام لەئەنجامدا ئەو کەسە نامرێت.
بەڵام مەبەست لەسیماکانی خۆکوژی ئەوەیە بەر لەوەی منالێك خۆی بکوژێت زۆر جار هەندێ سیمای پێوە دیارە کەنیشانەی ئەوەن کارێکی لەو بابەتە بەرێوەیە. ئەو کارە مەرج نیە هەموو کاتێك ئەنجام بدرێت.
هەندێك لەو سیمایانە دەکرێ ئەمانەبن:
منالّ وردە وردە خۆی لەکۆڕو قوتابخانەو ... هتد دەدزێتەوەو خۆی گۆشەگیر دەکات، پلان بۆ خۆکوژی دادەرێژێت؛ بۆ نموونە شتەکانی خۆی بەخەڵك دەدات، بەشتی خەتەرناك یاری دەکات، ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە ... هتد. هەندێك سیمای دیکە بریتین لەبوونی گرفتی گەورە لەخێزاندا، توشبوون بەخەمۆکی و پەریشانی، بێتاقەت بوونی منالّ لەقوتابخانە. باسکردنێکی زۆری مردن یا خۆکوژی... هتد.

پەیامی خۆکوژی چەمێکێ دیکەیە کەبریتیە لەو پەیامانەی کەگوزارش لەبیری خۆکوژی دەکەن و کەسێکی دیاریکراو بەوشیاری یا ناوشیارییەوە بەر لەوەی خۆی بکوژێت بۆ دەوروپشتەکەی رەوانە دەکات. ئەم پەیامانە وەکو زەنگی وریابوونەوە وایەو ئەو کەسە بەو مەبەستە ئەو پەیامانەی خۆی ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی دایباب یا دەوروپشت یارمەتی بدەن یا ئەوان لەوە ئاگادار بکاتەوە کەکاری خۆکوژی بەرێوەیە.
هەندێك کەس ئەم پەیامانەی دەکەن بەچەندین جۆری جیاوازەوە.
بەنیسبەت هۆکارەکانی خۆکوژییەوە بەشێك لەهۆکارەکان دەچنەوە سەر ئەو هۆکارانەی دۆرکهایم لەکتێبەکەی خۆیدا باسی کردووە. بەشێکی دیکەشیان پەیوەندییان بەشتی دیکەوە هەیە. لێرەدا هەوڵ دەدەم بەشێك لەهۆکارەکان باس بکەم. هەندێجار کەسایەتی منالّ هەر لەمنالّیەوە لەبەر زۆر هۆکار لاوازە. ئەمە کارێکی وادەکات کەمنالّ بەرگەی زۆر شت نەگرێت و لەبەردەم بچوکترین حاڵەتدا پەنا بۆ خۆکوژی ببات، چونکە منالّ بیرکردنەوەیەکی زۆر سەیری هەیە و لەکاتێکدا هەست دەکات لەبارێکی دەروونی زۆر خراپدا دەژێت و تەنها چارەسەر خۆکوژیە. هەندێ منالّی وردی دیکە پێیان وایە دوای مردنیش زیندوو دەبنەوە. لەلایەکی دیکەوە بەپێچەاونەی زۆر بۆچوونەوە منالّ هەر لەچەند مانگیەوە هەست بەزۆر شت دەکات و پێویستی بەپەیوەندییەکی زۆر تایبەت هەیە. بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەم تەوەرە هەندێك تیۆری و کار هەن لەپێش هەمووشیانەوە کارەکانی ستێرن، گانتریپ، ماهلەر...هتد. پێویستە بخوێندرێنەوە. لەم بوارەشدا پێویستە ئێمە سود لەفرۆید وەربگرین. هەروەها ماریتا لیندالّ لەکتێبێکدا سەبارەت بەتایبەتمەندێتیەکانی منالّی کۆرپە گەشتێکی بەرفراوانی بەنێو ژمارەیەکی زۆری لەو لێکۆڵینە تازانەدا کردووە کەباس لەم مەسەلەیە دەکەن.
هۆکارێکی دیکە بریتیە لەرۆلی ئاین. ئەوەی پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەبێت تێروانینی تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆ مەرگ. لەکۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا مەرگ شتێکی پیرۆزە چونکە مرۆڤ دەگەرێتەوە بۆ لای خواو دوای رۆژی حیساب ئیدی مرۆڤ لەبەهەشتێکی هەتا هەتاییدا دەژێت. لەلایەکی دیکەشەوە مرۆڤ ژیانی ئەو بەهەشتەی لەژیانی سەر زەوی پێ بەنرخترە، بۆیە هەمیشە لەناو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا باس لە بێبەهایی ئەم ژیانە دەکرێت.
منالّ لەدوای گەورەکانەوە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات ببێتە خاوەنی هەمان تێروانین و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منالّ چیدی ئەم ژیانەی بەلاوە هێندە بەئەرزش نەبێت. ترسناکی ئەم بیروبۆچوونە لەوەدایە هەرکات منالّ خۆی لەکەشوهەوایەکی ناتەندروستدا بینیەوە، بۆ نموونە توشی بێزاری و خەمۆکی هات، توشی گرفتی بەزۆر بەشودان هات، توشی گرفتی ئاشکرابوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستی هات، لەقوتابخانەدا توشی گرفتێك هات.... هتد ئیدی ئەو بیروبۆچوونانە رێگە بۆ کاری خۆکوژی خۆش دەکەن. بەدەر لەمەش کاتێك گەورەکان بەو خۆشیە باس لەبەهەشت دەکەن و باسی بێزاری خۆیان لەم ژیانە دەکەن، حەزێك لەناو منالّدا دروست دەبێت بۆ ئەوەی هەرچی زووتر بەو بەهەشتە شاد بێت یا بیرێك لەلای سەر هەڵدەدا کەپێی دەڵێن بیری خۆکوژی، چونکە کاری خۆکوژی بەدەر لەوەی منالّ دەگەیەنێتە بەهەشت لەو گرفتەش کەخۆی هەیەتی رزگاری دەکات. ناجی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجراکێشی لەگەلّ هەندێ منالّی سەر بە هەندێ ئاینی جیاواز ساز کردووە.

هۆکارێکی دیکە بریتیە لەفاکتەری کۆمەڵایەتی و کێشەکانی ناو خێزان. مناڵانێکی زۆر هەن سیمای خۆکوژییان پێوە دیارە بەڵام گەورەکان لەبەر ئەوەی شارەزا نین هەست بەو سیمایانە ناکەن. لەلایەکی دیکەوە دایبابەکان بزانن یا نا هۆکارێکی راستەوخۆی کوشتنی مناڵەکانی خۆیانن. من لەشوێنی دیکەدا بەدرێژی لەسەر ئەم بابەتە راوەستاوم.

هۆکارێکی دیکە هەراسانکردنی مناڵ و بەهەند وەرنەگرتنی تێروانینەکانیەتی لەبارەی مەرگەوە. من هەندێ نموونەم لەلایە ئاماژە بەوە دەکەن کەمناڵ لەتەمەنێکی دیاریکراودا وادەزانێت دوای مەرگ زیندوو دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مناڵ لەلای پیاژێ مناڵ لەهەر قۆناغێکدا لەرووبەکی دیاریکراوی وشەکان دەگات. بەشێوەیەکی تر مناڵ لەهەندێ قۆناغدا دەرك بەدیوی ناوەوەی وشەکان ناکات و تەنها لەدیوی دەرەوەیان دەگات، بۆیە تێگەیشتنی دیوی ناوەوەی مەرگ لەلای ئەو مناڵانەی هێشتا نەگەشتوونەتە قۆناغی چوارەم یا بەلایەنی کەمەوە قۆناغی سێیەمیان تێنەپەڕاندووە (بەپێی قۆناغی گەشەسەندنەکانی مناڵ لەلای پیاژێ) کارێکی سەختە. بۆیە ئەو مناڵانەی لەبەر ئەم هۆکارە کۆتایی بەژیانی خۆیان دێنن مانای وانیە ئەوان لەمەرگ گەیشتوون بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوان رەنگە هەر نەشزانن مەرگ یانی چی. قسەو ئاخاوتنەکانی ئەو مناڵانەی هەوڵی خۆکوژیان داوەو سەرکەوتوو نەبوون ئەم راستیە بەروونی دەردەخەن کەئەوان کاتێك دەستیان داوەتە خۆکوژی بەشێوەیەکی تەواو سەیرو ناواقیعی لەمەرگ گەشتوون.

هۆکارێکی دیکە کاریگەری جیابوونەوەی ژن و مێردە. دایبابەکان لەکاتی جیابوونەوەدا گرفتی گەورە بۆ مناڵەکانیان دروست دەکەن. بۆیە مناڵ لەم حاڵەتانەدا بیرلەخۆکوژی دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەو خەمە گەورەیە رزگار بکات. مناڵ لەکاتی جیابوونەوەدا بەتایبەت لەبەرامبەر هاورێکانی خۆیدا هەست بەشەرمەزارییەکی زۆر گەورە دەکات و هەندێ جار بیر لەوە دەکاتەوە خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی چیتر لەبەرامبەر ئەو حاڵەتانەدا قەرار نەگرێت. لەلایەکی دیکەوە هەندێ مناڵ بەرگەی ئەو دەنگەدەنگ و شەڕو هەرایەی نێوان باوك و دایك ناگرن. تێگەیشتن لەو هۆکارانە هێندە قورس نین چونکە گەورەکان لەبەرامبەر ئەم جۆرە گرفتانەدا خۆیان چۆك دادەدەن و هەرەس دەهێنن ئەدی مناڵ چۆن تەحەمولی ئەو هەموو ئازارە بکات.

هۆکارێکی دیکە بێسۆزکردن و پشتگوێخستنی مناڵە. گوێ لەم کچە 15 ساڵە بگرە چۆن گوزارش لەهەوڵەکانی خۆکوژی خۆی دەکات. کچێکی 15 ساڵە بەم شێوە باسی خۆی دەکات

(( زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە کەخۆم بکوژم، بەڵام هەرگیز جورئەتم نەکردووە. بەڵام ئەگەر یەکێك بەم زووانە یارمەتیم نەدات ئەوە لەوانەیە خۆم بکوژم. من پێم خۆشە ئەوە بزانم کەئایا دایك و باوکم منیان خۆش دەوێت یا نا. ئەوان هەرگیز شتی وایان بەمن رانەگەیاندووە )).

هۆکارێکی دیکە بریتیە لەتاقیکردنەوەکانی قوتابخانە. پیادەکردنی تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیەی کەهەیە جۆرە فۆبیایەکی دروستکردووە کەمن پێم وایە یەکێکە لەو هۆکارانەی لەپشتی خۆکوژی هەندێك مناڵانەوە دەوەستێت. بەڵام بۆ وردبوونەوە لەم مەسەلەیە پێویستمان بەلێکۆڵینەوە هەیە.

لەوتارێکی سمکۆ عبدالکەریمدا هاتووە کە(ه) کەتەمەنی 16 ساڵانەو لەیەکێك لەقوتابخانەکانی هەولێردا دەیخوێند لەرێگەی خۆسوتاندنەوە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. دوا قسەی ئەو خوێندکارە لەدوای خۆسوتاندنەکەیەوە ئەوە بووە کەبۆ مامۆستاکان ساقیتیان کردووە. ئەم خوێندکارە بەدەر لەوەی ساڵی پاریش کەوتبوو ، ئەمسالیش لە شەش وانە کەوتبوو. لەهەمان وتاردا هاتووە کە (س) ی تەمەن 15 ساڵە لەپاش ئەوەی لە شەش وانە دەکەوێت بەدەمانچە خۆی دەکوژێت. بەڵام ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی فەرمیمان لەبارەی ئەم دوو حاڵەتەوە دەست نەکەوتووە.

هۆکارێکی دیکە بریتیە لەتەنگ پێهەڵچنینی مناڵ. بەشێوەیەکی روونتر کاتێك ئێمە تەنگ بەیەکێك هەڵدەچنین و هیچ رێگایەکی لەبەردەمدا ناهێڵینەوە، ناچار ئەو کەسە لەو کاتانەدا ئەگەر خۆشی نەکوژێت ئەوە هەوڵ بۆ خۆکوژی دەدات. نموونە کاتێك پۆلیس یا پێشمەرگە تەنگ بەدزێك، بکوژێك، راکردوویەك ... هتد هەڵدەچنێت و بەدوایدا رادەکات دەبینین ئەو کەسە تا بتوانێت رادەکات و هەر کات گەشتە قاتی سەرەوەی باڵەخانەیەك یا کەناری دەریایەك ... هتد یەکسەر ئەو کەسە هەوڵ دەدات لەرێگەی خۆ فرێدانە

خوارەوە یا ناو دەریاوە ... هتد خۆی بکوژێت. نموونەیەکی واقیعی کەمن زۆر بەباشی لەهۆکارەکەی تێدەگەم نموونەی ئەو دوو کچە کوردەیە کەلەیەکێك لەقوتابخانەکانی یەکێك لەشارەکانی کوردستاندا خۆیان کوشت. ئەم دوو کچە پاش ئەوەی مامۆستاکەیان دەست بەسەر نامەی خۆشەویستیاندا دەگرێت هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکات کەبیداتە ماڵەوەیان. ئەم دوو کچە بەئەگەری زۆر خۆیان لەهەمان حاڵەتدا بینیوەتەوە کەلەسەروە باسم کرد. ئێمە نازانین لەوانەیە باوکی ئەو کچانە زۆر عەشایەری و سونەتی بووبن و بەبیستنی هەواڵێکی وا یەکسەر مناڵەکانی خۆیان بکوشتایە. ئەگەر واش نەبێت ئەوە بەسە کەئەو کچانە لەو ساتەدا بەو شێوەیە بیریان لەباوکیان کردبێتەوە. لەم حاڵەتدا ئەوان مردنیان بەچارەسەرێکی باش زانیوە بۆیە خۆیان کوشتووە. تۆ لەوە بگەڕێ ئەمە بیرکردنەوەیەکی دروستە یا گرینگ ئەوەیە لەو ساتە وەختەدا ئەوان لەبارودۆخێکی سەختدا ئاوا بیریان کردەوە. ئەگەر تۆ تاوەکو ئێستاش دوو دڵیت با نموونەیەکی دیکەت بۆ بێنمەوە بۆ ئەوەی لەباری دەروونی ئەم کچانە تێبگەیت. وای دابنێ تۆ بەرپرسێکی گەورەی پێشمەرگەی ناوشاریت و لەسەردەمی بەعسدا خۆت بەدەمانچەیەکەوە لەبەردەم ئەمنەکانی بەعسدا بینیەوە. ئایا چی دەکەیت؟ بەلایەنی کەمەوە بەشێك لەئێمە دەڵێ خۆم دەکوشت.

بەشێك لەو مناڵانەی رۆژێك لەرۆژان بیریان لەخۆکوژی کردبێت هۆکارەکانیان بەرادەی یەکەم بۆ لێدان و خەفەت و گرفت و مامەڵەی ماڵەوە دەگەرێندەوە. بەڵام هۆکاری دووەم و سێیەم بەلای ئەوانەوە بریتی بوون لەلێدان و شکانەوەی مامۆستاکان لەگەڵ کەوتن لەتاقیکردەوەکان. بەهەر حاڵ ئەمانە بەشێك بوون لەو هۆکارانەی کەلەقۆناغی جودا جودادا لەوانەیە ببنە هۆی خۆکوژی مناڵ یا هەوڵدان بۆ خۆکوژی یا پتەوکردنی سیماکانی خۆکوژی. سەبارەت بەبەشی کۆتایی پرسیارەکەت کەئایا باسێك لەمبارەیەوە لەناو کۆنگرەدا کرا یا نا دەڵێم بەهیچ شێوەیەك هیچ باسێك لەسەر خۆکوژی مناڵان نەهاتە بەرباس.

س.م :ئاشکرایە لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا، رۆڵی مامۆستاو بەرێوەبەر بەجۆرێك لە جۆرەکان زۆر لایەنی خۆ فەرزکردن و بەگەورەزانین پرئیرادەی لەسەروەیە. لەبەرامبەر ئەمانیشدا مناڵان و خوێنکاران بەگشتی وەك کەسانی بێ ئیرادەو تەنها گوێگرو جێبەجێکەری فەرمانەکانی ئەوان نیشان دەدرێن . تۆ چۆن دەروانیتە ئەم بوارە؟ ئایا لەبارەی دیموکراتیزە کردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە بەگشتی هیچ باسێك لەکۆنگرەدا کرا؟

فایەق سەعید: لەهەموو سیستەمەکانی جیهاندا مامۆستاو بەرێوبەر مامۆستاو بەرێوبەرە و بەهەمان شێوەش خوێندکار خوێندکارە. بەڵام ئەوەی سیستمی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەئێمە جیادەکاتەوە ئەوەیە ئەوان ستروکتورێکی باشیان بۆ کارکردن هەیە. بەپێ ئەو ستروکتورە سنوری نێوان هەموو ئەکتوێرو بەشەکان دیاری کراون. بەهەمان شێوەش پەیوەندییەکانی نێوان بەشە هەمەجۆرەکان و کادیرەکانی ئەو بەشانە دیاریکراون. بۆیە ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی لەوڵاتی ئێمەدا دێنە ئاراوە لەو وڵاتانە نایەنە ئاراوەو لەکاتی هەر گرفتێکیشدا بەئاسانی مرۆڤ دەتوانێت چارەسەرەکان بدۆزێتەوە چونکە سەرچاوەیەك هەیە ئەوان بۆی بگەرێنەوە. ئێمە لەلایەك رۆژهەڵاتین و سیستمی بەرهەمهێنانی ئاسیایی تاوەکو ئێستاش بەسەرماندا زاڵە و لەهەندێك لەبرگەکانی ژیانماندا کاریگەری هەیە. دواتر تۆ ئەمرۆ زۆر زۆر بەدەگمەن وەزارەتێك دەدۆزیتەوە کەستروکتوری کاری هەبێت یا ستروکتوری هاوچەرخی کارکردنی هەبێت. ئەم کارەش بەنیسبەت قوتابخانەکانەوە هەر وایە. زۆرێك لەشتەکان بەرێنمایی زارەکی بەرێگەوە دەچن و ئەوەی هەشە وەرگێرانێکی ئەو دەقانەیە کەلەحکومەتی عیراقەوە بۆمان ماوەتەوە کەمن ناتوانم قبوڵی بکەم.
لەلایەکی دیکەوە سیستمی پەروەردەیی عیراقی کەپاشخانێکی بەریتانی هەیە زۆر لایەنی بەو مەبەستە چاك کراوەتەوە کەئەو پەیوەندییە ناتەندروستە بێنێتە ئاراوە کەئەمرۆ لەنێوان ئیدارەی قوتابخانەکان و خوێندکاراندا هەیە. ئەمە جگە لەوەی خودی سیستمی بەریتانی تاوەکو ئەمرۆش بەبەراورد لەگەڵ سیستمە پەروەردەییەکانی دیکەی رۆژئاوادا زۆر لایەنی هەیە کەپێویستیان چاککردنەوە هەیە. فاکتەرێکی گرینگی ئەو پەیوەندییەی تۆ باسی دەکەیت دەسەڵاتە. لەو نێوەندەدا دەسەڵاتی قوتابخانە (مامۆستاو

بەڕێوبەرەکان) بۆ نموونە خۆیان لەچەند کردارێکی پراکتیکیانەدا بەرجەستە دەکەن. تۆ بڕوانە ئەوان بڕیار دەدەن و خوێندکاران دەبێ جێبەجێی بکەن، ئەوان فرمانی سەربازیی دەردەکەن و خوێندکاران دەبێ بڵێین بەڵێ. ئەوان هاوار دەکەن و خوێندکاران دەبێ بێدەنگانە سەر شۆڕ بکەن، ئەوان لێیان دەدەن و خوێندکاران دەبێ بەدەم گریانەوە بڵێن تۆ ڕاستدەکەیت، ئەوان دیانشکێننەوەو تەریقیان دەکەونەوەو خوێندکارانیش دەبێ چاو شۆڕ بکەن، ئەوان پێیان دەڵێن سەگباب و قەحبەباب و خوێندکاران دەبێ بەشێوەیەك لەشێوەکان بڵێن ڕاستە باوکمان سەگە، ئەوان دەڵێن ئێوە کچینە بۆ کوڕان خۆتان جوان دەکەنەوە یا بۆ ئەوەی کوڕان بخەنە ...... و خوێندکارانیش دەبێ بڵێن هەرچی ئێوە دەیڵێن ڕاستە. سەرجەمی ئەمانە جۆرێکن لەهەراسانکردنی خوێندکاران چونکە هەردوو مەرجی سەرەکی هەراسانکردنی تێدایە ئەویش دووبارەبوونەوەی کردارەکان و ناهاوسەنگی هێزەکانیش لەنێوان خوێندکاران و مامۆستاکان یا بەڕێوبەرەکاندا. لەلایەکی دیکەوە ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە کەئەم کردارانە بریتیە لەمامەڵەکردنێکی نێگەتیڤانەی منالان بەبێ ئەوەی ویستی خۆیانی تێدا بێت.

ئێمە دەتوانین هەتا تۆ دڵت بخوازێت لەسەر ئەمە بەردەوام بین بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە ناهاوسەنگە بخەینەروو. خاڵێك کەلێرەدا گرینگە ئێمە بیبینین ئەو لاسەنگییەیە کەلایەنی یەکەم بەئارەزووی خۆی هەموو شتێك دەکات و دەڵێت بەبێ ئەوەی لایەنی دووەم بۆی هەبێت لەئاستی ئەو کردارو قسانەدا هیچ هەوڵوەستەیەك بکات. ئەمە بەنیسبەت لەلایەنی دەرەوەی ئەم دیاردەیە، بەڵام گرفتەکان تەنها لەوێدا نین بەڵکو لەلایەنی ناوەوەی کارەکتەری خوێندکاران دایە. لەبەر نەبوونی ئەو دەرەفەتەی کەئەوان بتوانن تیایدا قسەی خۆیان لەسەر ئەو بڕیارانەی قوتابخانە بکەن بۆیە هەموو کاردانەوەکانی خۆیان دەبەنە ناخەوە. گەشتن بەم حاڵەتە ئاستێکی خەتەرناکە بۆ دیاریکردنی ئاسۆی پەیوەندییەکانی نێوان کارەکتەرەکانی ناو قوتابخانە.

بەشێك لەو کاردانەوانە کەمن دەمێکە مەترسیم لێیان هەیەو ئاشکرام کردووە دیاردەی هەراسانکردنی پێچەوانەیە، واتە خوێندکاران دەست بەهەراسانکردنی مامۆستاکانیان بکەن. ئەگەر چاوێك بەرۆژنامەکاندا بگێڕیت دەبینی لێرەو لەوێ چەند خوێندکارێك لەمامۆستاکانیان دەدەن یا هەڕەشەیان لێدەکەن یا ڕێگەیان پێدەگرن. سەرجەمی ئەمانەش دەچنە ژێر چەمکی هەراسانکردنەوە. بۆیە ئەگەر بێت و ئێمە لەم بوارەدا بیر لەگۆرانی ستروکتوری پەیوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ خوێندکاراندا نەکەینەوە ئەوە هەراسانکردنی مامۆستاکان پێدەنێتە قۆناغێکی خەتەرناکەوە. ئەم قۆناغە بریتیە لەبرەودان بەهەراسانکردنی مامۆستایان و بەکارهێنانی توندوتیژی لەئاستیاندا. ئەمەش بەشێوەیەك لەشێوەکان نیشانەی تێکچوونێکی گەورەی سیستمی پەروەردەیی ئێمەیە.

من پێم وایە ڕێزی مامۆستا دەبێ بپارێزرێت، چونکە نەمانی ئەو ڕێزە زۆر شت دەگۆڕێت کەنە لەبەرژەوەندی مامۆستاو نەلەبەرژەوەندی خوێندکاریش دایە. بەڕای مارە تام بەکارهێنانی توندوتیژی لەبەرامبەر مامۆستادا مانای پچڕانی پەیوەندی نێوان مامۆستاو خوێندکار دەگەیەنێ. ئەم پەیوەندییە کەلەبنەڕەتدا لەسەر ڕێزگرتن و قبوڵکردنی یەکتر وەستاوە لەهەمان کاتیشدا یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی کاری قوتابخانە. هەر لەم بوارەدا ڤیستەرمارك پێی وایە (( هەتا ئەوکاتەی ڕێز لەمامۆستا بگیرێت قوتابخانە جێگایەکی ئارامە، بەڵام هەرکات توندوتیژی لەبەرامبەر مامۆستادا بەکارهێنرا ئەوا ڕێزگرتن لەمامۆستا لەشوێنی خۆیدا نامێنێ و باوەڕیشمان بەقوتابخانە وەکو ئارامترین ڕێکخراوی کۆمەڵگا گەورەترین درزی تێدەکەوێت)) . ئەم کارەش مانای وایە دەسەڵات لەدەستی مامۆستاوە دەگوێزرێتەوە بۆ دەستی کۆمەڵێك هەرزەکار یا بەشێوەیەکی دی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن لەدەستی ئەو هەرزەکارانەدا دەبێ. جا بۆ ئەوەی ئێمە نەگەینە ئەم حاڵەتە دژوارە دەبێ پەیوەندییەکانی خۆمان لەگەڵ خوێندکارەکاندا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن چاك بکەینەوە.

لەکاتی کۆنگرەدا زیاتر لەگروپێك هەبوو باسیان لەگیرگرفت و پەیوەندییەکانی خوێندکاران دەکردو باسیان لەپێشنیارو ڕاسپاردەی جۆراودۆر دەکرد. شتێکی بەڵگەنەویستیشە کەمامۆستایان و بەڕێوبەرەکان و یارمەتیدەرەکانیان ڕۆڵێکی یەکجار گەورە لەژیانی قوتابخانەدا دەگێڕن. ئەگەر ئێمە بەڕێوبەرێکی باشمان هەبێت ئەوە دەتوانین قوتابخانەیەکی باش بەو هەموو مامۆستاو خوێندکارانەوە دابین بکەین. بەڵام تاوەکو

ئێستا گرفتی بەڕێوبەری باشمان هەیە. لەچەند گروپێکی دیکەشدا باس لەبەڕێوبەرو پەیوەندییەکانی بەڕێوبەرو مامۆستاکان کراو ڕاسپاردەی جۆراو جۆر بەرزکرانەوە، کەلەوانەیە شتێکی گۆرانکاری بخاتەوە، بەڵام هێشتا زووە بۆ ئەوەی باس لەپرۆسەی دیموکراتیزەکردنی پەیوەندییەکانی ناو قوتابخانە بکەین بەو جۆرەی تۆ مەبەستە. من هەمیشە گەشبینم بەڵام ڕەوتی کار لەکوردستان زۆر خاوو بەستروکتورێکی ناهاوسەنگ بەرێوە دەروات.

س.م :مەسەلەی تێکەڵکردنی ئاین لەگەڵ وانەکان و بەگشتی لەگەڵ پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بەبڕاوی ئێمە یەکێکە لەکێشەکانی ئەم پرۆسەیە. لەجیاتی گێرانەوەی هۆکاری زۆریَك لەڕووداوەکان بۆ سەرچاوە زانستییەکان ، زۆر جار پەنا دەبرێتە بەر باسی مەسائیلی خورافی و نازانستی. بۆ نموونە ماددەی فیزیاو ماتماتیك کە دوو ماددەی تەواو زانستین. زۆرجار مامۆستا بۆ فێرکردن و تەنانەت بۆ دەسنیشان کردنی هۆکارەکانیش پەنا دەباتە بەر هێزێکی میتافیزیکی. ئایا لەکۆنگرەی پەروەردەییدا قسەوباس چووە سەر ئەم تێکەڵ کردن و ئەم لایەن و کێشەیەی پرۆسەی پەروەردە؟ ئایا هیچ باسێك لەسەر بەعەلمانی کردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن کرا؟

فایەق سەعید: نا، کۆنگرە بەو شێوەیە لەم بابەتە نەدواو من پێم وانیە بەم زوانە باسێکی وا بێتە ئاراوە چونکە مەسەلەی بەعەلمانیکردن پرۆسەیەکی سەختە بەڵام مەحاڵیش نیە. دەمەوێ ئەوەش یاداشت بکەم کەمن بۆ هەموو بابەتەکانی دیکەش باس لەڕۆژانی کۆنگرە دەکەم چونکە کارێکی زۆری دیکە پێش کۆنگرە کراوەو من بەشداریم تێدا نەکردووە. بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو لەناو کۆنگرەدا کۆدەنگیەکی باش هەبوو بۆ گۆرینی وانەی پەروەردەی ئاینی بۆ زانستی ئاین یا هەر شتێکی دیکەی لەم بابەتە کەبەرای من هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو. بەواتایەکی دیکە ئەو کۆدەنگیە پێی خۆش بوو لەپاڵ ئاینی ئیسلامیشدا ئاینەکانی دیکەش بخوێندرێت. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ دەنگی کەمیش هەبوون کەدژ بەم مەسەلەیە بوون. من بەتەواوی رێز لەبیروبۆچوونەکانی ئەم گروپە دەگرم و لەنیگەرانیەکانیانیش تێدەگەم چونکە ئاسۆی بینینی مەسەلەکان لەلای ئەم گروپە لەبەر نەشارەزایی زۆر تەسکە. بەلای ئەمانەوە خوێندنی ئاینەکانی دیکە مانای وایە کەبایەخێکی کەمتر بەئیسلام دەدرێت.
لەلایەکی دیکەوە هەر کەباس لەعەلمانیکرن دەکرێت ئەوان پێیان وایە تۆ دژی ئاینی ئیسلامیت. ئەم لەیەگ تێنەگەیشتنە خەتای ئەم گروپەی تێدا نیە بەڵکو سیستمی پەروەردەیی و سیاسی ئێمە ئێمەی وا پەروەردە کردوین. دەبێ ئێمە بۆ ئەو گروپەی ڕوون بکەینەوە کەبەعەلمانیکردن مانای سڕینەوەی ئاینی ئیسلام نیە بەڵکو مانای ئەوەیە هەموو شتێك دەکرێت بۆ ئەوەی تۆ ئاینی ئیسلام و ئەوانەی دیکەش بەشێوەیەکی زانستی بخوێنیت. مانای ئەوەیە تاوەکو ئێستا خوێندنی ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی شێوێندراو یا خراپ بەرێوە چووە بۆیە دەبێت بەیەکەوە کارێکی وا بکەین کەحورمەت بۆ ئاین بگەرێنینەوە. خاڵێکی گرینگی دیکە لەمەسەلەی عەلمانیکردن ئەوەیە ئێمە بەیەك چاوەوە تەماشای خوێندنی ئاینەکان بکەین. واتە دەبێ هەموو یا زۆرینەی ئاینەکانی دیکەش بخوێنین بۆ ئەوەی زانیاریمان لەسەریان هەبێت بۆ ئەوەی لەخۆمانەوە قسە بەم یا ئەو ئاینە نەکەین. لەهەمووشی گرینگتر ئەوەیە ئێمە بەپێوەرێکی زانستی ئەم کارانە دەکەین و هەوڵ دەدەین هەموو ئاینەکان لەئەرشیفێکی زانستیدا بپارێزین. ئەگەر لەم قۆناغەدا توانیمان ئەوەندە ڕوون بکەینەوە ئەوە لەقۆناغی داهاتوودا دەتوانین کار لەسەر برگەکانی دیکەی عەلمانەیت بکەین.
ئەم هەنگاوەی کۆنگرە بەرای من هەنگاوێکی زۆر گرینگ بوو چونکە چەندین دەرهاویشتەی باش و کاریگەی گەورەی بەسەر خوێندکارانەوە دەبێت. لێرەدا دەکرێ هەندێ خاڵ یداشت بکەین، بۆ نموونە خوێندنی ئاینەکانی دیکە شارەزایی خوێندکاران لەسەر ئەو ئاینانە زیاد دەکات. بەم شێوەیەش ئەو ناحاڵی بوونەوەی جاران لەئارادا هەبوو کاڵ دەبێتەوە. خاڵێکی دیکە ئەوەیە لەڕوانگەی زانستیەوە چۆن ئێمە ناتوانین گاڵتە بەزانستی فیزیا بکەین، بەهەمان شێوە ناکرێ ئێمە ئاینەکانی دیکە بەکەم بزانین لەبەر ئەوەی ئێمە موسوڵمانین. ڕەنگە ئێمە لەڕواڵەتدا نکوڵی لەمە بکەین بەڵام لەژیانی ڕۆژانەدا مەسیحیەکان و جولەکەکان بەکەمتر دەزانین و نازناوی کافرو .... هتد لێدەنێین. خاڵێکی دیکە ئەوەیە بەیەك چاو دەبێ

تەماشای هەموو ئاینەکان بکەین. لەروانگەی خودا ناسیشەوە ناکرێ مرۆڤێکی خوداناس ئاینەکەی خۆی بەرزتر رابگرێ و ئەوانی دیکە تورِ هەڵدات. ئەوانی دیکەش ئاینی خوداییین و پێغەمبەرەکانیش خوداییین. دەرهاویشتەیەکی ئەم فرە ئاینیە ئەوەیە ئێمە دەمار گرژیمان بەرامبەر بەنەتەوەو ئاینەکانی دیکە کەم دەبێتەوەو زیاتر لەیەك تێدەگەین و یەکتری قبوڵ دەکەین.

بەلاّم لێرەدا دەبێ دوو خاڵی گرینگ دەستنیشان بکەین. یەکەم دەبێ ئەو کتێبە نوێیەی ئاین بەشێوەیەکی باش دابرێژرێت و بنووسرێتەوە کەلەگەڵ زانستی ئایندا بگونجێت. نابێ لەهیچ شوێنێکدا ئاینێك لەئاینێکی دیکە بەباشتر دابنرێت. دووەم خاڵ بریتیە لەراهێنانی ماموستاکانی وانەی ئاین. ناکرێ دوای ئەم گۆرانکاریەش دوای خوێندنی هەر ئاینێکی دیکە بلێین ئەم ئاینە باشە بەلاّم ئاینی ئیسلام لەهەموویان باشترەو مەحەممەد لەهەموو پێغەمبەرەکانی دیکە باشترە. من پێم وایە نابێ ئەرکی ماموستا بەشێوەیەکی گشتی ئەوە بێت ئەم یا ئەو ئاینە بەباشتر بزانێت. من لەبواری وانەکانی دیکەشدا ئەو رایەم هەیە کەئەم کارە کاری ماموستا نیە بەڵکو کاری خودی خوێندکارانە ئەو بابەتانە هەڵبسەنگێنن. ئەگەر مەسیحیەکان بلێن ئاین و پێغەمبەری ئێمە لەوەی ئێوە باشترەو ئێمەش بلێین نەخێر ئەوانەی ئێمە باشترن و جولەکەکان و ئەونی دیکەش بەهەمان شێوە کەواتە ئێمە بەرەو دواو هەنگاو دەنێین.

س.م :گۆرِانکاری لەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا بەرای ئێمە ناتوانیٚ سەرکەوتوو بیٚت ئەگەر باس لەباشکردنی ژیان و گوزەران ماموستایان و بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری و زانستیان ئەوان نەکات؟

فایەق سەعید: لەم بوارەدا خەمت نەبێت ئەگەر ئەو کادیرانە بەرگری لەو بابەتە نەکەن ئەوە گوناهی خۆیانە. لیژنەیەکی تایبەت هەبوو بۆ لێکۆڵینەوەو باسکردنی ئەو بابەتەو توانیان راسپاردەی باش لەبارەی گوزەران و پێگەیاندنی ماموستایانەوە پێشکەش بکەم. من هیوادارم وەزارەتی پەروەردە ئەو راسپاردانە بەهەند وەربگرێت چونکە بەبێ ئەوان هیچ کارێك سەرکەوتوو نابێت. باشترکردنی ئاستی زانستی ماموستاکان بەزانست و شێوە کاری هاوچەرخ پێویستیەکی حەتمیە لەم کاتەدا، بەلاّم ئەوەی تاوەکو ئێستا دەکرێت ئەوەیە هەندێ رابەرو کادیری کۆن بەزانستی کۆنەوە خولەکانی پێگەیاندنی ماموستایان بەرێوە دەبەن. ئەمەش جۆرە راوەستانێکە لەجێگەی خۆماندا و ماموستاکان دەخاتە ناو بازنەیەکی بەتاڵەوە.

س.م :لەهەمان کاتدا گۆرانکاری بەبیٚ گۆرینی شیٚوازی وانەووتنەوە و دابین کردنی ئامرازو هۆکارەکانی فیٚرکردن و بەبیٚ دابین کردنی پیٚداویستییەکانی خویٚندکاران و قوتابخانەکان ، ناکریٚت گۆرانکارییەکان کامڵ و سەرکەوتووبن. بۆچوونی بەریٚزتان لەم بارەوە چییە؟

فایەق سەعید: بەنیسبەت بەشی دووەمی پرسیارەکەتەوە هەرچەندە پێداویستیەکان یەکجار زۆرن بەلاّم وەزاەتی پەروەردە وردە وردە دەستی بەهێنانی هەندێك پێداویستی کردووە کەهێشتا لەهیچەوە دیار نین. بەلاّم بەنیسبەت شێوازەکانی وانەووتنەوە کەمن حەز دەکەم لەژێر چەتری زانستی وانەووتنەوەدا (دیداکتیك) کۆی بکەمەوە پێویستمان بەراوەستانێکی جیدی هەیە.

زۆر بابەتی باش لەو دوو کتێبەدا باسکراوە (راپۆرتەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی و پێشنیارو راسپاردەکان بۆ کۆنگرەی پەروەردەیی)) کەبەر لەدەستپێکی کۆنگرە ئامادە کرابوو. بەلاّم بەهیچ شێوەیەك دیداکتیك نەبووە تەوەرێکی تایبەت کەکاری لەسەر بکرێ و باس بکرێ. نەك ئەمە بەڵکو ئەگەر تۆ چاوێك بەپێرستی ئەو کتێبانەدا بگێریت هیچ شتێك لەو بارەیەوە نابینیت. من بەر لەدەستپێکردنی کۆنگرە بەشەش مانگ بابەتێکم لەسەر گرنگی ئەم بابەتە بلاّوکردەوەو تیایدا باسم لەو تەوەرە کردبوو کەلەکۆنگرەدا وونبووە. بەلاّم بەداخەوە کۆنگرە تیشکی نەخستە سەر ئەم بابەتە. بۆ رونکردنەوەی گرنگی ئەم بابەتەش حەز دەکەم هەندێ خاڵ یاداشت بکەم.

تازەکردنەوەی شێوازەکانی وانەووتنەوە زۆر لەتازەکردنەوەی مەنهەجەکان گرینگترە کەتەوەری ژمارە یەکی بۆ دانرابوو. سەرجەمی ئەو فۆرمە هاوچەرخانەی ناو زانستی وانەووتنەوە (Didactic) بەشێوەیەکی راستەوخۆ مرۆڤێکی لەخۆبوردوو، رەخنەگر، رێزگرتوو لەبیروبۆچوونە جیاوازەکان ... هتد دێننە ئاراوە. پیادەکردنی ئەو فۆرمانە هیچ پەیوەندیەکی بەخوێندکارەکانمانەوە نیە کەناتوانن کارێ پێبکەن بەڵکو زیاتر پەیوەندی بەگەورەکانەوە هەیە کەشارەزای ئەو فۆرمانە نین و هیچ لایەنێك یارمەتیانی نەداوە

کەشاەزای ببن.
ئاسانترین فۆرمێك کەبەم دواییە باسی لێدەکرێت کاری گروپە، بەڵام ئەم فۆرمە نەبەتەواوی کاری پێکراوەو و نەشێوازەکانی پیادەکردنیشی دیاری کراوە. کاری گروپ شێوازێکی زۆر گرینگە بۆ تویژینەوەی زانست و بۆ پەرەسەندنی تواناکانی خوێندکاریش. بەپێ ئەم فۆرمە خوێندکاران لەناو گروپی بچوك بچوکدا بابەتێك تاوتوێ دەکەن بۆ ئەوەی دواتر بۆ مامۆستا یا پۆلەکەی شیبکەنەوە. خاڵی سەرەکی لێرەدا بریتیە لەقبوڵکردنی بیرورا جیاوازەکان و رەخنەگرتن لەبابەتەکان نەك لەکەسەکان. شێوازەکانی پیادەکردنی ئەم فۆرمە یەکجار زۆرن.
فۆرمێکی دیکە بریتیە لەکاری پرۆژە (Project Method). ئەم فۆرمە کەلە 1800 کاندا لەقوتابخانە کشتوکاڵییەکانی ئەمریکاوە سەری هەڵدا تاوەکو ئێستاش کاری پێدەکرێ بەڵام شێوازەکانی کارکردنی هەندێ گۆرانی بەسەردا هاتووە. لەم بوارەدا بۆچوونەکانی کیل پاتریك لەهەموو یەکێکی دیکە زیاتر رەواجیان هەیە. ئەم فۆرمە زیاتر پێ لەسەر کارە پراکتیکیەکان دادەگرێت و لەناو پەروەردەی پرۆگرەسیف و پەروەردەی ریفۆرمدا (Reform Pedagogic & Progressive) خۆی جێگیرکردووە. لێرەدا مامۆستا زیاتر خەریکی ئەوەیە رێنمایی و زانیاری بەخوێندکاران بدات کەچۆن پرۆژەکەیان تەواو بکەن. خوێندکاران فێری ئەوە دەبن کەچۆن لەکارەکانیاندا پشت بەخۆیان ببەستن، سەرچاوەکان بەکاربهێنن، یارمەتی یەکتر بدەن، چۆن فێری نووسینەوەی راپۆرتی زانستی ببن، ...هتد. فۆرمێکی دیکە بریتیە لەدەسنیشانکردنی تەوەرەکانی بیرکردنەوەی منالان لەئاستی بابەتێکی دیاریکراو کەدەکرێ بەکوردی پێی بڵێین نەخشەی بیرکردنەوەکان یا .(Main Map)
فۆرمێکی دیکە بریتیە لەکاری تێما. بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر نموونەی ئەدەب وەربگرین دەتوانین بڵێین لەبری ئەوەی خوێندکاران ژیان و بەرهەمی 20 شاعیر بخوێنن دەتوانن تێمای خۆشەویستی، یا رق، نیشتیمانپەروەری ... هتد لەلای ئەو شاعیرانە بخوێنن. ئەم مێتودە زیاتر بەمەبەستی قوڵبوونەوە لەلایەنێك یا بابەتێك بەکار دێت.
فۆرمێکی دیکەی کارکردن بریتیە لەمێتودی کەیس (Case Method). واتە بابەتێکی دیاریکراو ئامادە دەکرێ و هەموو خوێندکاران بەباشی دەیخوێننەوەو دواتر شرۆڤەی دەکەن. زۆر گرینگە لێرەدا کەمامۆستا تەنها گفتوگۆکان بجوڵێنێ و لەهەر کوێیەك وەستان زیندوویان بکاتەوە. فۆرمێکی دیکە پاپەندە بەوەرگرتنی گرفتێك و هەوڵدانی خوێندکاران بۆ شرۆڤەکردن و چارەسەرکردنی بەچەندین ئەڵتەرناتیڤی جیاواز. ئەم فۆرمە پێی دەڵێن (Learning Problem-Based).
دیداکتیکی نوێ گرفتە سەختەکانی زانستە سرۆشتیەکانیشی دەست نیشان کردووە. بونیادگەراکان لەم بوارەدا کارێکی زۆریان ئەنجام داوە..ئەوان ئەوەیان سەلماندوە کەخوێندکار دەتوانێت خۆی خۆی فێر بکات و مامۆستاش دەتوانێت رێگای پێ پیشان بدات.
بۆ سەرکەوتنی سەرجەمی پرۆسەکە دەبێ ئێمە سود لە ((پلەکانی سەربەستی)) ببینین و بەر لەکارکردن دەبێ هەر سێ قۆناغەکان(دەسنیشانکردنی گرفت، شێوازی کارو ئەنجام) بۆ مناڵەکانمان دەسنیشان بکەین. ئەمە تەنها بەشێکی زۆر بچوکی ئەم زانستەیە کەدەتوانێت پەل و پۆ بۆ زۆر بواری دیکەش بهاوێت.
پیادەکردنی دیداکتیکێکی هاوچەرخ مانای پیادەکردنی بنەماکانی ( پیاژێ) یە. سێبەری ئەم پیاوە هێشتا بەسەر سیستمی پەروەردەیی ئێمەوە دیار نیە لەکاتێکدا بەسەر سیستمی سەرجەمی وڵاتە رۆژئاواییەکانەوە بەتۆخی دیارە. بۆیە باس نەکردنی ئەم بابەتە لەکۆنگرەدا نیشانەی لاوازییەکی گەورەیە بەسەر سیستمی پەروەردەیی ئێمەوە.

گرنگترین بریارو بریارنامەکانی کۆنگرە چی بوون؟ لەگشتدا پیَت وایە کە ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتوو بوو؟ ئایا دەتوانین لەم بوارەدا کۆنگرە بەجێگەی ئومێدَو هەوڵیکی میَژووی لەقەڵەم بدەین ؟
بەشێوەکی گشتی کۆنگرە هیچ برِیارێکی دەرنەکرد، بەڵکو تەنها کۆمەڵێك راسپاردەی لەگروپەکانەوە وەرگرت. کۆنگرە لەدوا رۆژدا شەرعیەت و دەسەلاتی ئەوەی وەرگرت کەکار بکات بۆ ئەوەی راسپاردەکان

بخاتە مەیدانی کارکردنەوە. سەبارەت بەکارەکانی کۆنگرەش دەبێ ئێمە جیاوازی لەنێوان دوو شتی جودادا بکەین: کارەکانی کۆنگرەو گۆرانکارییەکان کەدواتر لەسیستمی پەروەردەییدا دێنە کایەوە. سەبارەت بەکارەکانی کۆنگرە من لەهەموو دیدارەکانی خۆمدا بەپۆزەتیف لەقەڵەمم داوەو پێشم وایە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کۆنگرە پەروەردەییەکانی رابردوودا هەبوو. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەهاتنەدی گۆرانکارییەکان شتێکی حەتمیە. هەچ گۆرانکارییەك دوای کۆنگرە بێتە ئاراوە یا نەیەت ئەوە پەیوەندی بەوەزیری پەروەردەوە هەیە کەچ بریارێك دەردەکات و دەیەوێ چی بوارێك بگۆرێت؟. دواتر چ تیمێك لەم بوارەدا هاوکاری وەزیر دەکات؟ ئایا تەنها پشت بەتواناکانی ناخۆ دەبەستێت یا لەبەر رۆشنایی سیستمە پێشکەوتووەکان و قوتابخانە پەروەردەییەکاندا گۆرانکارییەکان دەکات؟ چ خشتەیەکی زەمەنی بۆ راپەراندنی کارەکان هەیە؟ دواتریش چ ستروکتورێکی کارکردن پیادە دەکات و چەند لایەن هاوکاری یا دژایەتی دەکەن؟

تاوەکو ئێستا مانگێك بەسەر کۆنگرەدا تێپەریوەو هیچ دەلالەتێك نیە بۆ ئەوەی ئێمە رەشبین بین، بەڵکو بەپێچەوانەوە من گەشبینم بەگۆرانکارییەکان چونکە چەند رۆژێك دوای کۆنگرە هەندێك بریارو هەوڵدان لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دەرچوون و روونکرانەوە کەنیشانەی پۆزەتیڤن. بۆ نموونە لەیەکدانی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی، هەڵگرتنی تاقیکردنەوەکانی شەشەمی سەرەتایی، هەوڵدان بۆ گۆرینی تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆری پۆلی نۆو پۆلی شەشەمی ئامادەیی. جیاکردنەوەی پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیی بەدوو ئاراستەدا بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارانەی بەتەمای کۆلیژە زانستیەکانن هەر لەسەرەتاوە ئەو بەشە هەڵبژێرن کەبۆ ئەوان تەرخان کراوەو ئەوانەش کەبەتەمای کۆلیژە مرۆڤایەتیەکانن بەشەکەی دیکە هەڵبژێرن. گۆرینی سیستمی تاقیکردنەوەکانی سەرەتایی، گۆرینی شێوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکانی سەرەتایی، بەکارهێنانی سیستمی هەڵسەنگاندن لەبری سیستمی دەرەجە لەهەندێ قۆناغدا، بەزارەکی بوونی تاقیکردنەوەکان لەپۆلی یەکەم تا سێیەمی سەرەتایی، خوێندنی هەندێ زمانی بێگانە لەسەرەتاییدا ..... هتد.

### س.م :بەبروای تۆ میکانیزمی جێبەجیَ کردن و پەرۆشی بەسەرەنجام گەیاندنی ئەو بریارو بریارنامانە چین و چەندە هیوا بەخشن؟

فایەق سەعید: لەراستیدا هەرچەندە پێشنیارو راسپاردەی جوان بۆ کۆنگرە ئامادە کرابن، بەڵام ئەگەر ئەو راسپاردانە بەشێوەیەکی باش میکانیزمێکی مۆدێرنی کارکردنیان بۆ دانەنرێت ئەوە ئەم کۆنگرەیەش لەوانەیە وەکو ئەوان دیکەی لێبێت. تاوەکو ئێستاش هیچ میکانیزمێك ئاشکرا نەکراوە. بەشێوەیەکی گشتی من چارەسەری ئەم گرفتە بەم شێوەیە دەبینم:

دەبێ وەزارەتی پەروەردە خشتەیەکی زەمەنی بۆ خۆی دابنێت چونکە هەموو ئەو گۆرانکارییانە نزیکەی پێنج ساڵیان دەوێت. دواتر دەبێ لیژنەیەکی زۆر بەتوانا لەکادیرە هەرە شارەزاو ریفۆرمخوازەکانی ناوەوە دەرەوەی کوردستان پێك بهێنرێت کەبواری کارکردن و خوێندنیشیان پەروەردە بێت. چونکە من پێم وایە تواناکانی ناوخۆی کوردستان لەتواناییاندا نیە بەتەنیا ئەو ئەرکە قورسە بەجێبگەیەنن چونکە زانستی تازە لەناوخۆدا شتێکی دەگمەنە. قورسێکەی لەوەدایە زانستی تازە لەناوخۆدا دەست ناکەوێت، ئەمەش ئەوەندەی پەیوەندی بەخودی زانستەکانەوە هەیە پەیوەندی بەکەسەکانەوە نیە. لەوانەیە ئەم قسەیە هەندێك خەڵك تورە بکات بەڵام ئەمە قسەی بەرپرسە هەرە بەرزەکانی بواری پەروەردەیە لەکوردستاندا و منیش چەندین ساڵە ئەو قەناعەتەم هەیە. هەرچۆنێك بێت ئەمە رای تایبەتی خۆمە لەسەر چارەنووسی راسپاردەکانی کۆنگرە. سوربوونی حکومەت و وەزارەتی پەروەردەش بۆ گۆرانکاری و تەرخانکردنی پارەیەك بۆ ئەو مەسەلەیە وامان لێدەکات بڵێین بەدروستکردنی ئەو تیمە پسپۆرە ئاسۆیەکی گەش چاوەروانی ئەو راسپاردانە دەکات. من پێم وایە شتێکی دروست نیە هەر لەئێستاوە باس لەسەرنەکەوتنی کۆنگرە بکەین، بەڵکو پێویستە ماوەیەك و هەلێك بدەینە وەزارەتی پەروەردەو بزانین چیمان بۆ دەکات؟

س.م :لەکۆتاییدا دەتەوێت چی بڵێت بەسایتی سەنتەری منالان و خوێنەرانی؟
فایەق سەعید: ماڵپەرەکەتان لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی هاوپەیوەست بەمناڵاندا وەکو ماڵپەرەکانی دیکە درێغی نەکردووە، بەڵام من پێم خۆشە زیاتر هەواڵی منالان و خوێندکاران بڵاوبکاتەوە. بەدەر لەمەش داکۆکی لەمافی منالان دەکات و بەدوای دیاردە نەرێنیەکاندا دەچێت کەلەبنەرەتدا کارێکی زۆر باشە.

© 2004-2007 Santarimnalan. All Rights Reserved.